# (کاریگەری شوناسی نیشتیمانی لەسەر سەقامگیری سیاسی لە عێراقی دوای 2003)


| |
|---|
| أحمد مجيد سليم |
| سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق |
| ahmed.salim@su.edu.krd |
| پ. ی. د. أمين فرج شريف |
| سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق |
| amin.sharif@su.edu.krd |



| | | |
|---|---|---|
| وشەکلیلیەکان: | Received: 25/06/2024 | ID No. 4510 |
| شوناس، شوناسی نیشتیمانی، سەقامگیری سیاسی، شوناسی نیشتیمانی عێراقی، سەقامگیری سیاسی عێراق | Accepted: 23/07/2025 | (PP 282 - 307) |
| | Published: 16/11/2025 | https://doi.org/10.21271/zjlp.23.40.11 |



## پوختە

ئەم تـوێژینەوەیە سـەرەتا لەڕووی زمـانەوانی و زاراوەیـیەوە بە پێناسـەی هەریەکە لە چەمکەکـانی شـوناس و شوناسـی نیشـتیمانی و سـەقامگیری سیاسـی دەسـت پێـدەکات و دواتـر بـاس لە پەیوەنـدی نێـوان شوناسـی نیشـتیمانی و سەقامگیری سیاسی دەکاتوهەروەها تیـۆری دیموکراسـی تەوافـوقی دەخاتەبەربـاس، تـوێژینەوەکە تیشـک دەخـاتە سـەر شوناسی نیشتیمانی لە عێراقی دوای ساڵی 2003 ، بەو پێیەی لەوکاتەوە وڵاتی عێراق چووەتە ناو قۆناغێکی نـوێی پرۆسـەی سیاسی و شوناسی نیشتیمانی تێیدا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، بەجۆرێك دەستوور و حکومەت و سیستەمی سیاسی ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە دووبارە دارشتنەوەی شوناسی نیشتیمانی، سـەقامگیری سیاسـی لە عێراقـی دوای 2003 یەکێکـی دیـکەیە لەو پـرس و بابەتـانەی کە لەم تـویژینەوەیەدا ڕۆشـنایی دەخرێتەسـەر، لەلایەکیـترەوە ئەم تـویژینەوەیە بـاس لێکەوتەکانی قەیرانی شوناس لەسەر سەقامگیری سیاسی و کێشەیسیستەمی تەوافوقی لە عێراقی دوای 2003 دەکات.

کلیلە وشەکان: شوناس، شوناسی نیشتیمانی، سەقامگیری سیاسی، شوناسی نیشتیمانی عێراقی، سەقامگیری سیاسی عێراق


## پێشەکی

وڵاتی عێراق لەدوای ساڵی 2003 لەلایەنی سیاسی و کـۆمەڵایەتییەوە زۆر گۆڕانکـاری گەورە و بنەڕەتـی بەخـۆیەوە بینیـی و پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی تێیدا بەشێوەیەکی تەواو گۆڕانکاری زۆری بەسـەردا هـات و پرۆسـەی سیاسـی لەوکـاتەوە چووە ناو قۆناغێکی نوێ، یەکێك لەو پرس و بابەتانەی کە لە وڵاتی عێراقی دوای ساڵی 2003 بەهەمان شێوەی پرس و بابەتە سیاسییەکانی دیکە بەشێوەیەکی دیار و تا ڕادەیەکی زۆر لە کایەی سیاسی بەدەرکەوت بریتی بـوو لە شوناسـی نیشـتیمانی و سەقامگیری سیاسی، ئاشـکرایە شوناسـی نیشـتیمانی یەکـێکە لەو پـایە بنەڕەتـی و سـەرەکییانەی کە وڵاتـان بـۆ گەیشـتن بە سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی پشتی پێدەبەستن بەتایبەتیش ئەو وڵاتانەی کە خاوەن کۆمەڵگایەکی فرە و هەمەچەشـنن و

چەنـدان نەتەوە و ئـایین و کـۆمەڵە و پێکهـاتەی جیـاواز و جۆراوجـۆر لەخـۆ دەگرێـت، ئەمەش لەبەر ئەوەی شوناسـی نیشتیمانی ئەو چوارچێوەیە پێکدەهێنێت کە هەموو کۆمەڵە و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لە ژێر هەستێکی هاوبەشی یەکدەخات و ئینتیما و لابەندی بـۆ وڵات و سیسـتەمی سیاسی بەهێزتـر دەکـات، کە بێگومـان ئەمەش فـاکتەر و هۆکـارێکی گرینـگ و بنەڕەتییە بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی.

پرس و بابەتی شوناسی نیشتیمانی لە چوارچێوەی عێراقدا وێنا و گوزارشت بۆ دۆخێکی ئاڵۆز دەکات، بەتایبەتی دوای ساڵی ٢٠٠٣ کە دەرگا بەڕووی سەرهەڵدانی چەندین شوناسی مەزهەبی تائیفی و نەتەوەیی و ناوچەیی و لاوەکیدا کرایەوە، بێگومان سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هەموو ئەم شوناسانەش لەسەر حیسابی شوناسـێکی نیشـتیمانی یەکگرتـوو بـوو کە بەهـۆیەوە شوناسی نیشـتیمانی دابەش و پارچەپـارچەبوو کە ئەمەش کـاریگەری خەراپ و نەرێنـی لەسـەر سـەقامگیری سیاسی وڵات بەجێهێشت، هەربـۆیە لەم تـوێژینەوەیەدا هەوڵـدەدەین بەشـێوەیەکی ورد ڕۆشـنایی بخەینەسـەر شوناسـی نیشـتیمانی و سەقامگیری سیاسی لە عێراقی دوای 2003، ئەمەش بەو پێیەی شوناسـی نیشـتیمانی وەك هۆکـار و فـاکتەرێکی گرینـگ لە عێراقی دوای 2003 کاریگەرییەکی بەهێز و ڕاستەوخۆی لەسەر سەقامگیری سیاسی هەبووە.

گرینگی تویژینەوە:

گرینگی ئەم تویژینەوە لەدوو لایەنەوە سەرچاوە دەگرێت، یەکەم: لەڕوانگەی تیۆرییەوە ئەم تـوێژینەوەیە تێگەیشـتنێکی زانستییانە بۆ چەمکەکانی شوناسی نیشتیمانی و سەقامگیری سیاسی دەخاتەڕوو وهەروەها ڕۆشنایی دەخاتەسەر پەیوەندی نێـوان، دووەم: لەڕوانـگەی پـراکتیکییەوە گرینگـی تـوێژینەوەکە بـۆ عێراقـی دوای 2003 بـریتییە لەوەی کە دەتوانێـت یارمەتیدەر بێت لە ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی لاوازی سەقامگیری، ئەمە جگە لەوەی تێڕوانینێکی لۆژیکی بۆ بڕیار دەرەکان دەستەبەر دەکات کە بەهۆیەوە بتوانن گەشە بدەن بە سیاسەتەکانی بنیاتنانی شوناسـێکی نیشـتیمانی وەك دەروازەیەك بـۆ گەیشتن بە سەقامگیری سیاسی بەردەوام.

ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە شـیکردنەوەی کاریگەرییەکـانی دابەشـبوونی شوناسـەکان و لاوازی شوناسـی نیشـتیمانییە لەسـەر سەقامگیری سیاسی لە عێراقی دوای 2003.

کێشەی توێژینەوە:

شوناسی نیشتیمانی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەدیهێنـانی سـەقامگیری سیاسـی هەیە، بەڵام وڵاتـی عێـراق لەدوای سـاڵی 2003 چووە ناو قۆناغێکەوە کە تێیدا چەندان شوناسی لاوەکی دەرکەوتـن و شوناسـی نیشـتمانی لاواز و بـێ هێـز بـوو، بێگومـان ئەمەش کاریگەری خەراپ و نەرێنی لەسەر بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی دروست دەکات

پرسیاری تویژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی دوو پرسیار بداتەوە کە بریتین لە:

پرسیاری سەرەکی: دابەشبوون و پارچەپارچەبوونی شوناسـەکان چ کـاریگەرییەکی لەسـەر سـەقامگیری سیاسـی لە عێراقـی دوای 2003 هەیە..؟

پرسیاری لاوەکی:

پرسیاری لاوەکی: شوناسە لاوەکییەکان چۆن بوونەتەهۆی لاوازکردنی ئینتیما و لابەندی نیشتیمانی لە عێراقی دوای 2003..؟

میتۆدی تویژینەوە:

بۆ ئەنجامدانی ئەم تویژینەوەیە میتۆدی وەسفی-شیکاری بەکاردەهێنرێـت، ئەمەش لەبەر ئەوەی میتـۆدێکی گونجـاوە بـۆ لێکۆڵینەوەی چەمکەکانی وەك شوناسـی نیشـتیمانی و سـەقامگیری سیاسـی وهەروەهـا شـیکردنەوەی پەیوەنـدی نێوانیـان لەچوارچێوەی عێراقی دوای 2003، لەلایەکیترەوە ئەم میتۆدە لەڕێگەی وەسفکردن و شیکردنەوەوە چەمکەکـانی شوناسـی نیشـتیمانی و سـەقامگیری سیاسـی لەڕووی زمـانەوانی و زاراوەوە دەخاتەبەربـاس وهەروەهـا لەڕێـگەی لێکـۆڵینەوەکردنی فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر شوناسی نیشتیمانی و ڕەنگدانەوەی لەسەر سەقامگیری سیاسی تیشـك دەخاتەسـەر بـارودۆخی عێراقی دوای 2003

چوارچێوەی توێژینەوە:

**ئەم تویژینەوەیە خوێندنەوە و شیكاری بۆ شوناسی نیشتیمانی و سەقامگیری سیاسی لە وڵاتی عیراق لە قۆناغی دوای ساڵی 2003 دەكات**

**پەیكەری تویژینەوە:**

**ئەم تویژینەوەیە لە سێ باسی سەرەكی پێكدێت كە بریتین لە باسی یەكەم: چوارچێوەی چەمك و تیۆری توێژینەوە، باسی دووەم: شوناسی نیشتیمانی و سەقامگیری سیاسی لە عێراقی دوای 2003، باسی سێیەم: لێكەوتەكانی قەیرانی شوناس لەسەر سەقامگیری سیاسی و كێشەی سیستەمی تەوافوقی لە عێراقی دوای 2003.**

## باسی یەكەم: چوارچێوەی چەمك و تیۆری توێژینەوە

**ئەم باسە چوار داواكراو لەخۆ دەگرێت كە بریتین لە یەكەم: چەمكی شوناس و شوناسی نیشتیمانی، داواكراوی دووەم: چەمكی سەقامگیری سیاسی،داواكراوی سێیەم، پەیوەندی نێوان شوناسی نیشتیمانی و سەقامگیری سیاسی، داواكراوی چوارەم: تیۆری دیموكراسی تەوافوقی.**

**داواكراوی یەكەم/ چەمكی شوناس و شوناسی نیشتیمانی:**

**ئەم داواكراوە بەسەر دوو لق دابەش دەبێت، لقی یەكەم: چەمكی شوناس لەڕووی زمانەوانی و زاراوەوە، لقی دووەم: چەمكی شوناسی نیشتیمانی لەڕووی زمانەوانی و زاراوەوە:**

**لقی یەكەم: چەمكی شوناس لەڕووی زمانەوانی و زاراوەوە**

**أ/ چەمكی شوناس لەڕووی زمانەوانییەوە:**

**لە زمانی كوردیدا و بەپێی فەرهەنگەكان وشەی شوناس بە واتای ئاشنا یاخود ناسیاو هاتووە.[(1)] هەروەها لە زمانی عەرەبیدا بەپێی فەرهەنگی (معجم الوسیط) وشەی شوناس (الهویة) لە فەلسەفەدا بە واتای ڕاستی شتێك یاخود كەسێك كە جیای دەكاتەوە لەوانیتر دێت، هەروەها هەر بەپێی ئەم فەرهەنگە شوناس (الهویة) كارتێكە ناوی كەسەكە و ڕەگەزنامە و لەدایكبوون و كارەكەی تێدا تۆمار دەكرێت، كە پێشی دەگوترێت كارتی كەسی یاخود ناسنامە.[(2)]**

**چەمكی شوناس لەناو ئەدەبیات و نووسینە كوردییەكاندا بە هاوواتا و هاومانای ناسنامە بەكارهاتووە،ئەم چەمكە وەرگێڕدراوی وشەی(Identity)ئینگلیزی و وشەی(الهویة)ی زمانی عەرەبیە، لە زمانی ئینگلیزیشدا وشەی(identity) لە وشەی (identitas)ی لاتینی وەرگیراوە،كە بە دوو مانا بەكاردێت، یەكەمیان بەمانای وەكیەكی و یەك چەشنی ڕەها، دووەمیان لێكجیایی كە هەڵگری جێگیری و بەردەوامییە بە درێژایی زەمەن.[(3)]**

**ب/ چەمكی شوناس لەڕووی زاراوەوە**

**بیرمەند و لێكۆڵەرانی بواری شوناس چەندین پێناسەیان بۆ زاراوەی شوناس كردووە، لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند پێناسەیەك بخەینەڕوو:**

**(ئەلێكس میكشیللی) بەمشێوەیە پێناسەی شوناس دەكات و دەڵێت (بریتیە لە كۆسیستەمێكی ماددی و مەعنەوی و كۆمەڵایەتی، كە سیستەمێك لە پرۆسەكانی یەكگرتن و تەواوكاری مەعریفی لەخۆدەگرێت، بەڵام سیستەمێكی لەو شێوەیە**

---

**(1) شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر: 2005، لا 292 . گیوی موكریانی، كوردستان، چاپی یەكەم، دەزگای ئاراس، هەولێر:1999، لا 645 . هەژار موكریانی، هەنبانە بۆرینە، چاپی یەكەم، 1369، تاران، لا 475**

**(2)المعجم الوسیط, الطبعة الرابعة, مكتبة الشروق الدولیة, القاهرة: 2004, ص 998**

**(3) یاسین ئاشور جەوهەر، قوڵبوونەوەی شووناسە لۆكاڵیەكان و كاریگەریان لەسەر بونیادنانەوەی عێراقی نوێ لەدوای ساڵی 2003، گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، زانكۆی گەرمیان، كەلار، ژمارەی تایبەت: 2019، لا 474**

ناتوانێت بوونی هەبێت مەگەر شتێک هەبێت کە یەکگرتوویی ومانای پێبدات، کە ئەمەش بە ڕۆحی ناوەوە نوێنەرایەتی دەکرێت و هەستێکی تایبەت بە شوناس لەخۆدەگرێت، هەستکردنیش بە شوناس تێکەڵەیەکە لە هەستە مادییەکان و هەستە ئینتیمائی و تەواوکاری و هەستکردن بە بەردەوامی کات و فرەیی و بەهاکان و سەربەخۆیی و متمانە بەخۆبوون و هەستکردن بە بوون).[1]

لەلایەکیتر (ماجدە حمود) کاتێک کە پێناسەی شوناس دەکات بەمشێوەیە دەدوێت و دەڵێت (شوناس ئەوەیە کە بە تێپەڕبوونی کات لە مرۆڤدا بەردەوام دەبێت، بەو پێیەی هاوڕێیەتی دەکات و کەسایەتیەکەی پێکدەهێنێت و تایبەتمەندییەکانی بەشێوەیەکی جێگیر دیاری دەکات و پێناسەی دەکات، ئەمەش کاراکتەرێکی تایبەت بە داهێنانەکەی دەبەخشێت، ئەم شوناسە نابێتە ئەهریمەن بۆ ئەوانی دیکە، هەر بۆیە ئەم شوناسە مەرجێکە لە تاکدا هەیە و کاریگەری لەسەر گروپەکە دەبێت و خەسڵەتێکی تایبەت بەخۆی پێدەبەخشێت، هەربۆیە ناتوانین (من) لە (ئێمە) جیابکەینەوە، چونکە شوناس هەستێکی غەریزەیی سەر بە گروپەکە و خۆناساندن لەگەڵیدا بەدیدەهێنێت و ناسینەوە لەگەڵیدا ئاڵوگۆڕ دەکات، هەربۆیە ناتوانرێت لە پێناسەیەکی پاك و سادەدا کورت بکرێتەوە).[2]

هەروەها (محمد عمارە) لە پێناسەی شوناسدا دەڵێت (شوناسی شتێك بریتییە لە نەگۆڕەکانی کە نوێ نابنەوە و ناگۆڕدرێن و خۆیان دەردەخەن و ئاشکرا دەکەن بەبێ ئەوەی دەسبەرداری شوێنی خۆیان بن بۆ بەرامبەرەکەیان تا ئەوکاتەی خود زیندوو بێت و لە ژیاندا بێت، ئەم شوناسە وەك پەنجەمۆر وایە بۆ مرۆڤ کە لەوانی دیکە جیایی دەکاتەوە و کاریگەریەکەی نوێ دەبێتەوە و ڕووخساری دەردەکەوێت هەرکاتێ فریاگوزاری سڕینەوە لەسەری لابرێت، بەبێ ئەوەی دەسەبەرداری شوێن و پێگەی خۆی بێت بۆ هیچ پەنجەمۆرێکی تر).[3]

هەروەها (ئەنتۆنیۆ عیدنز-Anthony Giddens) شوناس بەمجۆرە پێناسە دەکات و دەڵێت شوناس (بریتیە لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی کەسایەتی تاك یان گروپێك کە پەیوەندی بە چییەتی و مانای قوڵی بوونیانەوە هەیە)[4] لەلایەکیتر زانای ئەمەریکی ساموێل هانتیگتۆن دەڵێت (شوناس هەستێکی تاکەکەسی یان دەستەجەمعییە بەخود، ئەمەش بەرهەمی هۆشیاری و ئاگاییە بەخود، کە من یان ئێمە خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی جیاوازین، ئەم تایبەتمەندییانەش من لە تۆ و ئێمە لە ئەوانی دیکە جیادەکاتەوە).[5]

لقی دووەم/ چەمکی شوناسی نیشتیمانی لەڕووی زمانەوانی و زاراوەوە:

لە بابەتەکانی ڕابردوو لەڕووی زمانەوانیەوە باسمان لە چەمکی شوناس کردووە و ڕۆشناییمان خستۆتەسەر، لێرەدا هەوڵ دەدەین بەهەمان شێوەی چەمکی شوناس باس لە چەمکی نیشتیمان بکەین لەڕووی زمانەوانیەوە:

أ/ چەمکی نیشتیمان لەڕووی زمانەوانیەوە:

لەزمانی کوردیدا بەپێی فەرهەنگی کوردستان چەمکی نیشتیمان بە واتای زێد یاخود مەڵبەند دێت.[6] وە لە فەرهەنگی خاڵ چەمکی نیشتیمان بە واتای ئەوە دێت کە جێگایەکە ئادەمی تێدا لە دایك بێ و بە بەرووبومی بژی.[7] هەروەها لە فەرهەنگی فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە چەمکی نیشتیمان بە واتای جێگەی دانیشتن یاخود ژێگە یانیش بە واتای زێد دێت.[8] وە لە زمانی

---

(1) اليكس ميكشيللي, الهوية, ترجمة علي وطفة, الطبعة العربية الاولى، دار الوسيم، دمشق: 1993، ص129

(2) ماجدة حمود, اشكالية الأنا والاخر نماذج روائية عربية, الكويت :2013, ص 15

(3) محمد عمارة, مخاطر العولمة على الهوية الثقافية, طبعة أولى، دار نهضة, مصر: 1999 ص 6

(7) أنتوني عدنز, علم الاجتماع, طبعة الأولى، المنظمة العربية للترجمة, بيروت: 2005, ص766

(5) صمويل ب.هنتنجتون, من نحن؟ المناظرة الكبرى حول أمريكا, ت: أحمد مختار الجمال، الطبعة الاولى، القاهرة: 2009, ص 55

(6) گیوی موکریانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 887

(7) شێخ محەمەدی خاڵ، سەرچاوەی پێشوو، لا 483

(8) هەژار موکریانی، سەرچاوەی پێشوو، لا 896

عەرەبیدا بەپێی فەرهەنگی (معجم الوسیط) چەمکی نیشتیمان(الوطن) بە واتای شوێنی نیشتەجێبوون و بارەگای کەسێکە و لابەندی و ئینتیمای بۆ ئەم شوێنە هەیە جا لەوێ لە دایك بووبێت یاخود نا.[1]

ب/ چەمکی شوناسی نیشتیمانی لەڕووی زاراوەوە:

لێرەدا چەند پێناسەیەك بۆ شوناسی نیشتیمانی دەخەینەڕوو، بەمشێوەیەی خوارەوە:

بۆ پێناسەکردنی شوناسی نیشتیمانی (ئەنتۆنی دی سمیس) دەڵێت شوناسی نیشتیمانی بریتییە لە (دووبارە بەرهەمهێنـانەوە و لێکدانەوەی بەردەوامی ئەو سیمبول و بەها و یادەوەری و ئەفسانە و میراتانەیە کە نەتەوەکان جیادەکەنەوە و تاکەکەکان بەهۆیەوە دەناسرێن).[2]

هەروەها (لیورالوکیتز) پێناسەی شوناسی نیشتیمانی دەکات و دەڵێت (شوناسی نیشـتیمانی ئەو بیـرۆکەیە کە ڕەنگـدانەوە و پێناسـەکردنی تایبەتمەنـدییەکانی گەلێـک یـان نەتەوەیەکە، شوناسـی نیشـتیمانی بەرهەمـی تایبەتمەنـدییەکانی کولتـووری دەستەجەمعییە کە نەتەوە بە هەستێکی دیاریکراو ڕەنگڕێژ دەکات و ئەو بناغانە دادەنێت کە ژیانێکی سیاسی سەقامگیری لە وڵاتدا لەسەری بونیات دەنرێت، هەروەها شوناشی نیشتیمانی بە مانای یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و سیاسی دێت، یـاخود بە واتایەکی دیکە چەمکی مۆدێرنی شوناشی نیشتیمانی واتا تێپەڕاندنی هەموو لابەندی و ئینیتمائەکـانی دیـکە بەبـێ ئەوەی ببێتە هۆی سڕینەوە و نەهێشتنیان).[3]

پێناسەیەکیتر بۆ شوناسی نیشتیمانی بریتییە لە پێناسەکەی (تاجفێل) کە دەڵێت شوناسی نیشتیمانی (هەسـت و ئاگاییەکـانی تاکە بەو پێیەی ئەندامە لە یەکێك لە کۆمەڵەکان (دەوڵەت)، کە ئەمەش بەپێی هەسـتکردن و پەیوەسـت بـوونیەتی پێـیەوە لەڕێگەی کۆمەڵێک دەرکەوتە و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و زمانەوانی و نەتەوەییەوە).[4]

هەروەها (تقی ازاد ارمکی) لە پێناسەی شوناسی نیشتیمانی بەمشێوەیە دەدوێت و دەڵێت (شوناسی نیشتیمانی شوناسـێکی کۆمەڵایەتییە کە دەڕوانێتە سنوورە سیاسییەکان، شوناسی نیشتیمانی بریتییە لە هەستکردن بە وابەستەبوون و پابەندبوون لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگا بەرامبەر بە سیمبولە کولتوورییەکان کە ئاماژەن بۆ بەها و داب و نەریت و زمان و ئایین و مێژوو و شتە مادییەکان کە سەرچاوەی تەبایی و هاوئاهەنگی کۆمەڵایەتین لە نێوان تاکەکاندا).[5]

لەلایەکیترەوە (ڕۆلان بێرتۆن) لێکۆڵەری فەرەنسی بەو ئەنجـامە دەگـا کە (شوناسـی نیشـتیمانی لە بنەڕەتـدا پەیوەسـتە بەو هەست و سۆزانەی کە مرۆڤەکان بۆ یەکتریان هەیە، ئەمەش لەڕێگەی بەیەکەوە ژیانیان لەسەر خاکێکی جوگرافی دیاریکراو و خواستیان بۆ دروستکردنی یەک سیستەمی سیاسی کە ڕەنگە بە ئایدۆلۆژیای ئایینی یان ئیتنیکی هاوبەشەوە بێت).[6]

داواکراوی دووەم/ چەمکی سەقامگیری سیاسی

ئەم داواکراوە دوو لق لەخۆ دەگرێت کە بریتین لە لقی یەکەم: چەمکی سەقامگیری لەڕووی زمـانەوانییەوە، لقـی دووەم: چەمکی سەقامگیری سیاسی لەڕووی زاراوەوە.

(1) معجم الوسيط, المصدر السابق، ص 1043

(2) نقلا عن: علي طاهر الحمود, العراق من صدمة الهوية الى صحوة الهويات, مؤسسة مسارات للتنمية الثقافة والاعلاميـة, بغداد-بيروت: 2012, ص 34

(3) نقلا عن: أيوب محمد طيب, ماهية الهوية الوطنية وتحدياتها: تحديات الهويـة الوطنيـة العراقيـة نموذجـا, مجلـة كليـة القانون للعلوم القانونية والسياسية، جامعة كركوك, العدد21, المجلد6: 2017: ص 230-231

(4) نقلا عن: علي حسين عايد, فاعلية الذات السياسية وعلاقتها بالهوية الوطنية لـدي طلبـة كليـة العلـوم السياسـية, مجلـة القادسية للعلوم الانسانية, جامعة القادسية, المجلد 18, العدد4 : 2015, ص 504

(5)نقلا عن: هبة مجيد حميد و نبيـل نعـمان اسـماعيل واخـرون, الهويـة الوطنيـة مـن منظـور الأقليـات العراقيـة: دراسـة سوسيولوجية ميدانية, مجلة الاداب, جامعة بغداد, ملحق العدد 128: 2019, ص 481

(6) نقلا عن: علي طاهر الحمود, المصدر السابق, ص34

**لقی یەکەم/ چەمکی سەقامگیری لەڕووی زمانەوانییەوە:**

**لە زمانی کوردیدا و بەپێی فەرهەنگی خاڵ وشەی سەقامگیر بە واتای شتێکە کە لە شوێنێك جێگیر بـووبێ.[1] لە لایەکیـترەوە بەپێی فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە وشەی سەقامگیر بە واتـای بەرقەرار یـاخود جێگرتـوو دێـت.[2] ئەگەر بێتـوو سـەیر بکەیـن دەبینین لە زمانی عەرەبیدا و بەپێی فەرهەنگی(لسان العرب) وشەی سەقامگیر(استقرار) بە واتای جێگیری لە شوێنێك یاخود بە واتای جێگیربوون دێت.[3]**

**لقی دووەم/ چەمکی سەقامگیری سیاسی لەڕووی زاراوەوە:**

**لێرەدا لەڕووی زاراوەییەوە چەند پێناسەیەك بۆ چەمکی سەقامگیری سیاسی خەینەڕوو:**

**سەبارەت بە پێناسەکردنی سەقاگیری سیاسی دەبینین (ریچارد هیجۆت) ئامـاژە بە سـێ ئاراسـتە دەکـات (ئاراسـتەی یەکەم: سـەقامگیری سیاسـی واتـا سیسـتەمی سیاسـی بەشـێوەیەکی بەردەوام ڕووبەڕوی گۆڕانکـاری تەواو نەبێـتەوە، ئاراسـتەی دووەم: سەقامگیری سیاسـی واتـا نەبـوونی گۆڕانکـاری زۆر لە حکومەتـدا، ئاراسـتەی سـێیەم: سـەقامگیری سیاسـی واتـا نەبوونی توندوتیژی لە هەموو ئاستەکاندا).[4]**

**پێناسەیەکی دیکە کە بۆ سەقامگیری سیاسی کراوە بریتییە لە پێناسەکەی (کارۆلین کورڤال) کاتێـك کە دەڵێـت (سـەقامگیری سیاسی بە مانای چەقبەستن یان نەبوونی گۆڕانکاری نیـیە، بەڵکـو سـەقامگیری سیاسـی وێنـای ئەو سیسـتمە دامەزراوەیـیە دەکات کە توانای چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانی هەیە بە شێوەیەکی ئاشـتیانە لەگەڵ هێـزی بەرپەرچـدانەوە لە دژی ئەو کەسانەی کە کە نەزمی گشـتی پێشـێل دەکەن، هەروەهـا بە واتـای توانـای دامودەزگـا سیاسـییەکانە بـۆ خۆبژێـوی کە دەتوانێت لە سەختترین بارودۆخدا بەشێوەیەکی سروشتی بەردەوام بێت و کاربکات).[5]**

**لەلایەکیترەوە دەبینین (نیفین مسعد) بەمشـێوەیە پێناسـەی سـەقامگیری سیاسـی دەکـات و دەڵێـت (سـەقامگیری سیاسـی دیاردەیەکە بە نەرمی و پێکهاتە تایبەتمەندە کە ئەمەش ئاماژەیە بـۆ توانـای سیسـتەم لە دامەزرانـدنی دامودەزگاکـانی بـۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری پێویست بۆ وەڵامدانەوەی چاوەڕوانییەکانی جەماوەر و کۆنترۆڵکردنی هەر ناکۆکی و ململانێیەك کە سەرهەڵدەدات بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی سیاسی مەگەر لە بەرتەسـکترین مەودادا نەبێـت ئەمەش وەك پشـتگیریەك لە ڕەوایی و کاریگەرییەکەی).[6]**

**هەروەها (مارتن بالدام) بەمشێوەیە پێناسەی خۆی بۆ سەقامگیری سیاسی دەخاتەڕوو کە دەڵێت (سـەقامگیری سیاسـی بە چەمکێکی نـاڕوون دادەنرێـت بەڵام لەڕێـگەی چـوار ڕەهەنـدی سـەرەکییەوە دیـاری دەکرێـت کە بـریتین لە: حکـومەتێکی سەقامگیر، سیستەمێکی سیاسی سەقامگیر، یاسای گشتی و سیستەمی ناوخۆیی، سەقامگیری دەرەکی).[7]**

**داواکراوی سێیەم: پەیوەندی نێوان شوناسی نیشتیمانی و سەقامگیری سیاسی:**

**هەروەك ئاشکرایە چەمکی شوناسی نیشتیمانی تەنها بە مانای لابەندی و ئینتیما بۆ خاك نایەت، بەڵکو شوناسـی نیشـتیمانی جەخت لەسەر پابەندبوونی ئەخلاقی بە کۆمەڵێک بەها و ئاکـار دەکـات بەجۆرێـك ئەم بەهـا و ئاکـارانە ڕەنگـدانەوەی ئەو**

---

**(1) شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، سەرچاوەی پێشوو، لا 276**

**(2) هەژار موکریانی، هەنبانە بۆرینە، سەرچاوەی پێشوو، لا 448**

**(3) ابن منظور, لسان العرب, المجلد الخامس, دار المعارف, القاهرة, , ص 3579**

**(4) ريتشارد هيجوت, نظرية التنمية السياسية, ترجمـة: حمـدي عبـدالرحمن, ومحمـد عبدالحميـد, الطبعـة الاولـى, الاردن, المركز العلمي للدراسات السياسية: 2001, ص 223-224**

**(5) نقلا عن: مهدي علي وداعة, دور الثقافة السائدة في تحقيق الاستقرار السياسي, مجلة نسق, الجمعية العراقية للدراسات للدراسات التربوية والنفسية, مجلد 38, عدد 5: 2023, ص 508**

**(6) نقلا عن: كريمة بقدي, الفساد السياسي وأثره على الاستقرار السياسي في شـمال افريقيـا: دراسـة حالـة الجزائـر, رسـالة ماجستير, جامعة أبوبكر بلقايد-تلمسان: 2011-2012, ص 54**

**(7) مهدي علي وداعة, دور الثقافة السائدة في تحقيق الاستقرار السياسي, المصدر السابق, ص 508**

کردەوانەن کە دەبنەهۆی بەهێزکردنی سەقامگیری نیشتمان و وڵات و بەرگری لێکردنی و هەروەها پابەندبوون بە بە سیستەمە سیاسییەکەی و ڕێزگرتن لە یاسا و ڕێساکانی.[1]

لە لایەکیترەوە دەبینین شوناسی نیشتیمانی گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ بەدیهێنان و گەیشتن بە سەقامگیری لەناو کۆمەڵگادا، ئەمەش بەو پێیەی شوناسی نیشتیمانی کاردەکات بۆ یەکخستنی هەموو گروپ و چین و توێژە جیاوازە ئایینی و ڕەگەزی و زمانییەکان لەژێر یاسا و ڕێسا جێگیرییەکانی ئەو وڵاتەی کە ئەم گروپ و کۆمەڵە جیاواز و جۆراوجۆرانە تێیدا دەژین.[2] هەروەها دەتوانین بڵێین شوناسی نیشتیمانی ئەو رایەڵەی پەیوەندییە کە یەکگرتوویی و بەیەکەوەبەستراوی لەنێوان تاکەکەکان و نیشتیمان لەلایەك و تاکەکان و حکومەتەکەیان و هەموو ئەو دامەزراوە و سیمبولە نیشتیمانیانە بەدیدەهێنێت کە بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.[3] هەر بۆیە وەك دەبینرێت شوناسی نیشتیمانی بە وێناکردنێکی ئایدیالیانەی نەتەوە و هەستکردن بە باڵادەستی نەتەوەیی و قبوڵکردن و ئینتیما و لابەندی بۆ دەسەڵاتە نیشتیمانی و حکومی و سیاسییەکان تایبەتمەندە.[4]

ئەمە جگە لەوەی لە چوارچێوەی سیاسیدا شوناسی نیشتیمانی بۆ بەهێزکردن و گەشەپێدانی یەکگرتوویی نیشتیمانی و پاراستنی سەقامگیری کۆمەڵگا زۆر گرنگ و جێی بایەخە. لەلایەکیترەوە شوناسی نیشتیمانی پەیوەندی و ناوبانگی نێودەوڵەتی وڵات پێکدەهێنێت و لە قاڵب دەدات و تەنانەت شوناسی نیشتیمانی کاریگەری لەسەر ئەوە هەیە کە چۆن وڵاتێك بۆ جیهانی دەرەوە وێنای خۆی بکات.[5]

هەربۆیە وەك دەردەکەوێت گرینگی بەهێزکردنی شوناسی نیشتیمانی لەوەدایە کە کۆمەڵگاکان لە ناوەوە یەکگرتوو دەکات و وادەکات تاکەکان هەست بە لابەندی و ئینتیما بۆ وڵات و نیشتیمان بکەن و هەروەها بەشداری دەکات لە یارمەتیدان بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ تاکەکانی دیکە دەکات بەبێ ئەوەی مەرجی زانیاری پێشوەختەیان سەبارەت بە یەکتر هەبێت، بێگومان ئەمەش لەڕێگەی بنیاتنان و دروستکردنی پەیوەندی مەجازی لە نێوان تاك و کۆمەڵە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا دەبێت، کەواتە بەهێزکردنی شوناسی نیشتیمانی یەکێکە لە گرنگترین فاکتەر و هۆکارەکان کە وڵاتان و کۆمەڵگاکان بۆ پاراستنی مانەوە و بەردەوامیدان بەخۆیان پشتی پێدەبەستن و لەڕێگەیەوە درێژە بە مانەوەی خۆیان دەدەن.[6]

شوناسی نیشتیمانی تایبەتمەندییە کولتووری و شارستانی و ئاینییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی یەک سنوردا کۆدەکاتەوە کە دەتوانێت یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەناو یەک وڵاتدا بسەپێنێت، ئەمەش بەو مانایە دێت کە

---

(1) مطلق بن سعود المطيري, علاقة الجمهور السعودي بوسائل الاعلام ودورها في تشكيل مدركاتهم واتجاهاتهم نحو قضية الهوية الوطنية, المجلة الدولية للاتصال الاجتماعي, جامعة عبد الحميد بن باديس-مستغانم, المجلد11, العدد2: 2024, ص 177

(2) حمود الضويحي, تنمية الهوية الوطنية اعتزاز وانتماء, موقع جريدة الرياض:2022, متاح في الرابط الاتي, تاريخ الزيارة( 2025-1-28
https://www.alriyadh.com/1954391 ,2022

(3) د.عبدالله بن عبدالرحمن البريدي, الهوية الوطنية السعودية- ثوابتها وافاقها الانسانية, مركز الملك عبدالعزيز للحوار الوطني: الرياض: 2023, ص 33

(4) Julian Aichholzwe, Sylvia Kritzinger, and other, National identity profiles and support for the European European union, European union politics journal, Sage Publications, Volume22, issue2: 2021, Page 297

(5) Acintya Ratna Priwati\ Rasyid Bo Sanitioso, Exploring national identity and collective memory across cultures: comparison of Indonesia and France, Frontiers in political science journal, Frontiers Media, Volume6: 2024, Page 1

(6) عبدالرحيم نويجع جابر الحربي, دور منهج التاريخ في تعزيز أبعاد الهوية الوطنية لدى طلاب التعليم الثانوي نظام المقررات بالمملكة العربية السعودية, مجلة البحث في التربية وعلم النفس, جامعة المنيا, مجلد37, عدد4: 2022, ص 121

شوناسی نیشتیمانی شوناس و لابەندییە لاوەکی و ناوچەییە جیاواز و جۆراوجۆرەکان لەناو نابات بەڵکو دەیانپارێزێت و دەیانکاتە یەک دەستە و گروپ.(1)

ئەگەر بێتوو سەیر بکەین دەبینین شوناسی نیشتیمانی زۆرکات لە حاڵەتی چالاکی بەردەوامدایە بۆ کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەی دژایەتی و ململانێی نەتەوەییەکان و هەروەها بۆ نەهێشتن و لەناوبردنی هەموو ئەو فاکتەر و هۆکارانەی کە دەبنەهۆی نەمان و هەڵوەشانەوە لە کۆمەڵگادا، هەربۆیە شوناسی نیشتیمانی بە دینامیکییەتی کۆمەڵگا دادەنرێت بۆ پاراستنی یەکێتی و یەکگرتن و ئاسایش و بوونەکەی.(2)

شوناسی نیشتیمانی وەك شورا یاخود دیوارێکی پارێزگاری وایە کە کۆمەڵگا دەورە دەدات و لە فاکتەر و هۆکارەکانی لاوازی و دابەشبوون دەیپارێزێت و هەستی یەکگرتوویی و لابەندی بەرز دەکاتەوە، ئەم شوناسی نیشتیمانییە تەنها هەستێکی سۆزداری یان دروشمێک نییە کە بەرز دەکرێتەوە، بەڵکو دۆخێکی ڕەگداکوتاوی ئینتیما و لابەندییە بۆ وڵات کە پشت بە کۆمەڵێك بەهای ئایینی و ئەخلاقی و مێژوویی و جوگرافیایی هاوبەش دەبەستێت کە خەڵک و ئەندامانی نەتەوەیەك کۆدەکاتەوە، ئەم شوناسی نیشتیمانییە گوزارشتە لە ویست و ئیرادەی بەکۆمەڵی کۆمەڵگا بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی هاوبەش، ئەگەر بێتوو بە وردی بڕوانین دەبینین بەهۆی ئەو ئاڵنگارییە زۆر و جۆراوجۆرانەی کە کۆمەڵگاکان لە ئەنجامی جیهانگیریدا ڕووبەڕووی دەبنەوە شوناسی نیشتیمانی وەک هێڵێکی بنەڕەتی و سەرەکی بۆ بەرگریکردن گرینگی و بایەخی زیاتر دەبێت بەجۆرێك کە وڵات لە هەڵوەشانەوە و ڕاکێشان بۆ ناو دابەشبوون و ململانێ و ناکۆکییە ناوخۆییەکان دەپارێزێت.(3)

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە شوناسی نیشتیمانی بریتییە لە هەستێکی بەکۆمەڵ و گوزارشتکردنێکی پاك و ڕاستگۆیانە کە تاك و ئەندامانی گروپ و کۆمەڵەیەك لەڕێگەی ئینتیما و لابەندییەکی گوتاری و کرداری و بەشداریکردنێکی کارای بەرگریکردن لە وڵات بەرامبەر بە ئاڵنگارییە جۆراوجۆرەکان بەیەکترەوە دەبەستێتەوە، هەر بۆیە لەم پێناوەدا سیستەمی سیاسی کار بۆ بەرهەمهێنان و دروستکردنی شوناسێکی نیشتیمانی بۆ هەموو کلتوور و و شوناسە جیاواز و جۆراوجۆرەکان دەکات، کە ئەمەش لەڕێگەی تێکەڵکردن و لێکدانی هەموو ئەم کولتوورە لاوەکیانە لەنێو مۆدێلی شوناسی نیشتیمانی دێتەئاراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی شوناسی نیشتیمانی زیاتر ئاوێتە و قووڵترە لە بەهێزکردنی هەستکردن بە ئینتیما و لابەندی، بەشێوەیەك کە ئینتیما و لابەندی لە چوارچێوەیەکی تەسک و بچووکەوە بۆ چوارچێوەیەکی فراوانتر و گەورەتر دەچێتە دەرەوە کە هەموو نەتەوەکە لەخۆ دەگرێت، بەم شێوەیە شوناسێکی نیشتیمانی گشتگیر و هەمەلایەنە دروست دەکات کە هەموو شوناسە لاوەکییەکان لەخۆدەگرێت کە ئەمەش لەڕێگەی ئەوەی پێی دەوترێت یەکگرتنی نیشتمانی دەردەبڕدرێت و گوزارشتی لێوەدەکرێت.(4)

**داواکراوی چوارەم: تیۆری دیموکراسی تەوافوقی**

ئەم داواکراوە لە دوو لق پێکدێت، لقی یەکەم: مەبەست لە دیموکراسی تەوافوقی، لقی دووەم: پایەکانی دیموکراسی تەوافوقی

**لقی یەکەم: مەبەست لە دیموکراسی تەوافوقی**

(1) هارون أوروان, الاليات القانونية لتعزيز الهوية الوطنية في دول الخليج, مجلة الدراسات القانونية والسياسية, جامعة عمار ثليجي-الأغواط, المجلد5, العدد1: 2019, ص 70

(36) علي أسعد وطفة, تحديات الهوية الوطنية والشعور بالانتماء الوطني لدى عينة من طلاب جامعة الكويت, طبعة1, مركز دراسات الخليج والجزيرة العربية, الكويت: 2013, ص 38

(3) محمد العايدي, تعدد الهويات في اطار الهوية الوطنية تكامل أم تصادم, موقع جريدة الغد:2025, متاح في الرابط الاتي: تاريخ الزيارة (3-2-2025)

https://alghad.com/Section-70/تحليل-إخباري/تعدد-الهويات-في-إطار-الهوية-الوطنية-تكامل-أم-تصادم-193108

(4) محمد دحام ددو الحلو, الأقليات في محافظة نينوى واشكالية الهوية الوطنية ما بعد عام 2003, رسالة ماجستير, جامعة الموصل: 2021: ص 30-31

دیموكراسی تەوافوقی جۆرێكە لە جۆرەكانی پیادەكردنی دەسەڵات لەو وڵاتانەی كە فرەیی و هەمەجۆری كۆمەڵایەتییان تێدا هەیە، ئەمەش بەو پێیەی دیموكراسی تەوافوقی شێواز و ڕێچكەیەكی گونجاو و سەركەوتووە بەتایبەتیش لەو وڵاتانەی كە تازە و نوێن لەڕووی دیموكراسییەوە لەپێناو دانانی سنورێك بۆ ڕێگریكردن لە پشێوی و پاشاگەردانی و شەڕی ناوەخۆیی، هەروەەها ئەم تیۆری دیموكراسی تەوافوقییە ئامراز و جێگرەوەیەكە بۆ نەهێشتن و ڕێگریكردن لە پەرەسەندن و گرژبوونی بارودۆخ و ناسەقامگیرییە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان.[1]

بیرمەندی بەناوبانگی هۆڵەندی (ئارنت لیبهارت) بە یەكێك لە یەكەمین تیۆر دارێژەرەكانی دیموكراسی تەوافوقی لە بیری سیاسی ڕۆژئاوادا دادەنرێت، كە ئاماژەی بەوە كردووە دیموكراسی تەوافوقی لە ڕێگەی هاوكاری و سازان و تەوافوقی نێوان دەستەبژێرە جیاواز و جۆراوجۆرەكان وێنا و گوزارشت لە ستراتیژییەتێك بۆ بەڕێوەبردنی ناكۆكی و ململانێكان دەكات لەجیاتی كێبڕكێ و بڕیاردان بە شێوازی زۆرینە.[2]

لقی دووەم : پایەكانی دیموكراسی تەوافوقی:

دیموكراسی تەوافوقی چەند پایەیەكی بنەڕەتی هەیە كە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەكەین :

1- هاوپەیمانییەتی بەرفراوان - الائتلاف الواسع - Grand Coalition

تایبەتمەندی بنەڕەتی و سەرەكی دیموكراسی تەوافوقی وەك ئەوەی لیبهارت باسی دەكات بریتییە لەوەی كە سەركردە و ڕێبەرە سیاسییەكانی هەموو سێكتەرەكانی كۆمەڵگایەكی فرەیی لە هاوپەیمانییەكی بەرفراواندا بۆ بەڕێوەبردنی وڵات هاوكاری دەكەن.[3] ئەوەی پێش هەموو شتێك گرینگی بەم هاوپەیمانێتییە بەرفراوانە دەبەخشێت ئەوەیە كە كرۆكی فەلسەفەی دیموكراسی تەوافوقی بریتییە لە فەرمانڕەوایی، هەربۆیە و بەهەمان شێوە هاوپەیمانێتی بەرفراوان پەیوەندییەكی بەهێز و توندوتۆڵی هەیە بە بابەتی فەرمانڕەواییكردنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە دروستكردن و پێكهێنانی هاوپەیمانییەتێكی بەرفراوان لەسەر بنەمای تەوافوق و ڕێككەوتن بابەتی فەرمانڕەواییكردن ڕوون دەكرێتەوە و وەڵامی پرسیاری"كێ دەبێت فەرمانڕەوایی بكات" دەدرێتەوە.[4]

2- ڤیتۆی بەرامبەر - حق النقض المتبادل – Mutual Veto

مەبەست لە ڤیتۆی بەرامبەر ئەوەیە كە مافی ڤیتۆ بە هەموو ئەو كەرت و گروپ و مەزهەبانەی كە هاوهاوپەیمانێتی بەرفراوان پێكدەهێنن دەبەخشرێت، ئەم مافی ڤیتۆیە وەك ئامرازێك بەدەستی كەمینەكانەوە دادەنرێت بۆ ڕێگریكردن لە ئەگەری دروستبوون و هاتنەئارای دیكتاتۆریەتی زۆرینە و هەروەها ئەم مافی ڤیتۆیە لەلایەن كەمینەكانەوە لە كاتی دروستبوونی هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەكانیان بەكاردێت كە بەهۆیەوە بەرژەوەندییەكانیان دەپارێزن و ڕێگری دەكەن لە دروستبوونی هەڕەشە بۆ سەریان بەتایبەتیش لە پرس و بابەتە گرینگەكان.(5)

(1) محبوبة الأقريدو عبدالكريم باسماعيل, تأثير المحاصصة الطائفية على بناء النظام الديمقراطي-حالة العراق بعد2003, مجلة العلوم القانونية والسياسة, جامعة الشهيد حمه لخضير-الوادي, المجلد12, العدد1: 2021, ص 207

(2) اسامة عبد علي خلف, الديمقراطية التوافقية ودور النخب في مأسسة الانقسامات السياسية, مجلة الاستاذ, جامعة بغداد, العدد224, المجلد3: 2018, ص 259

(3) ارنت ليبهارت، الديمقراطية التوافقية في مجتمع متعدد, ترجمة: حسني زينه, الطبعة الأولى، معهد الدراسات الاستراتيجية، بغداد-بيروت: 2006، ص 48

(4) هۆشەنگ دارا حمە أمین، دیموكراسی تەوافوقی و ئەگەری جێبەجێبوونی لە كوردستانی عێراقدا: لێكۆڵینەوەیەكی سیاسی-ڕەخنەگرانەیە، ماستەرنامە، زانكۆی سەڵاحەددین، هەولێر: 2008، لا 59

(5) نعيمة عزوق, الديمقراطية التوافقية كمقاربة لتحقيق الاستقرار السياسي والسلم الاجتماعي في الدول العربية: المجلة النقدية للقانون والعلوم السياسية, جامعة مولود معمري-تيزي وزو, المجلد 17, العدد2: 2022، ص 506

**3- ڕێژەییبوون - النسبية - Proportionality**

ڕێژەیبوون سێیەم پایە و تایبەتمەندی دیموکراسی تەوافوقییە، ئەم ڕێژەییبوونە بەواتای دابەشکردنی سامان و سەرچاوەکان و بەشداریکردن لە بڕیاردان دێت، بەپێی بنەمای نوێنەرایەتی ڕێژەیی هەر حزب یان کەمینەیەک بەگوێرەی قەبارەی هەڵبژاردنی خۆی ڕێژەیەکی دیاریکراوی مافەکانی پێدەدرێت،هەروەها ئەم ڕێسای ڕێژەییە دەکرێت لە سیستەمی هەڵبژاردن یان لە پێکهێنانی حکومەتدا یانیش لە نوێنەرایەتیکردنی لایەنە جیاوازەکان لە ئاستی بەرپرسیارییەتییە گشتیەکان جێبەجێبکرێت، ئامانج لە پشتبەستن بەم ڕێسایە لە دابەشکردن ڕێگریکردنە لە زاڵبوون و باڵادەستی دەستە و پارتە سیاسییە گەورەکان بەسەر پێگە و پۆستەکانی وڵات هەروەکو ئەوەی کە لە دیموکراسی نوێنەڕایەتی بەدیدەکرێت، ڕێسای ڕێژەیی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی بڕیار و سیاسەتەکان لە حکومەتی هاوپەیمانییەوە سەرچاوە بگرن نەوەک لە حکومەتی زۆرینە کە بە ئەنجامی هەڵبژاردن بڕیاری لەسەر دراوە، ڕێژەیی یان بە پەسەندکردنی ڕێسای یەکسانی لە نێوان هەموو دەستە و لایەنەکان یانیش بە بەرزکردنەوە و زیادکردنی نوێنەرایەتی کەمینەکان لە حکومەتدا بەدەست دێت.[1]

**4- سەربەخۆیی کەرتی و فیدراڵی - الاستقلال القطاعي والفيدرالية- Segmental Autonomy**

ئەم پرەنسیپی سەربەخۆیی کەرتییە دووبارە لادان و دوورکەوتنەوەیەکی دیکەیە لە فەرمانڕەوایی زۆرینە کە فەرمانڕەوایی کەمینەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت، مەبەستیش لێی فەرمانڕەوایی کەمینە لەلایەن خۆیەوە بەشێوەیەك کە هەر کەمینەیەك یاخود پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە بڕیار لەسەر ئەو پرس و بابەتانە بدات کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە کاروباری تایبەت بە خۆیانەوە هەیە.[2]

لەکۆتایی ئەم باسەدا بۆمان دەرکەوت کە شوناس و شوناسی نیشتیمانی دوو چەمکی بنەڕەتی و سەرەکی ناو کایەی سیاسین کە لەلایەن شارەزایان و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە چەندان پێناسەی جیاواز و جۆراوجۆریان بۆ کراوە، بەڵام لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین شوناسی نیشتیمانی گوزارشت لەو پەیوەندییە قووڵە دەکات کە هاووڵاتیان لە ڕێگەی زمان و کولتوور و مێژووی هاوبەشەوە لەگەڵ نیشتمانەکەیان بەیەکەوە دەبەستێتەوە،سەبارەت بە سەقامگیری سیاسی بەهەمان شێوە لەچەندین دید و ڕوانگەی جیاوازەوە پێناسەی بۆ کراوە هەربۆیە دەتوانین بڵێین سەقامگیری سیاسی بریتییە لە توانای دەوڵەت و سیستەمی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت و هەروەها بەدیهێنانی هاوسەنگی و بەردەوامی دامەزراوە سیاسییەکان و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان هاوڵاتییان و سیستەمی سیاسییە هاوکات لەگەڵ بوونی سیستەمێکی یاسایی کارا بۆ مامەڵەکردن و بەڕێوەبردنی ناکۆکی و جیاوازییەکانی کۆمەڵگا،لەلایەکیترەوە دەبینین شوناسی نیشتیمانی و سەقامگیری سیاسی پەیوەندییەکی بەهێز و پتەویان لەگەڵ یەکدا هەیە، بەجۆرێك تاوەکو شوناسی نیشتیمانی بەهێزتر بێت یەکگرتوویی کۆمەڵگا زیاتر دەبێت و ململانێی ناوخۆیی کەمتر دەبێتەوە و ژینگەیەکی گونجاو بۆ سەقامگیری سیاسی دروست دەکات، هەر لەم باسەدا دەرکەوت کە دیموکراسی تەوافوقی یەکێکە لەو سیستەمە دیموکراسیيانەی کە بەشێوەیەکی گشتی ئەو وڵاتانەی خاوەن کۆمەڵگایەکی فرە و جۆراوجۆرن لەڕووی نەتەوەیی و مەزهەبی و پێکهاتەییەوە پەنای بۆ دەبەن، ئەمەش لەبەر ئەوەی دیموکراسی تەوافوقی تا ڕادەیەکی باش دەستەبەری بەشداریکردنی هەموو کۆمەڵە و پێکهاتەو و نەتەوە جیاواز و جۆراوجۆرەکان لە بەڕێوەبردنی فەرمانڕەوایی وڵات دەکات.

---

(1) علي عباس خلف, الديمقراطية التوافقية: دراسة دستورية في دستور جمهورية العراق لسنة 2005, مجلة كلية المأمون, العدد 31: 2018, ص 86

(2)ارنت ليبهارت، الدمقراطية التوافقية في مجتمع متعدد, المصدر السابق، ص 70

## باسی دووەم: شوناسی نیشتیمانی و سەقامگیری سیاسی لە عێراقی دوای 2003

**ئەم باسە لە دوو داواکراو پێکدێت، داواکراوی یەکەم: گۆڕانکارییەکانی شوناسی نیشتیمانی عێراقی دوای ساڵی 2003، داواکراوی دووەم: سەقامگیری سیاسی لە عێراقی دوای 2003.**

### داواکراوی یەکەم/ گۆڕانکارییەکانی شوناسی نیشتیمانی عێراقی دوای ساڵی 2003:

**ئەم داواکراوە لە سێ لق پێکدێت، سەرەتا وەك بەرچاوڕوونییەك لە لقی یەکەمدا باس لە شوناسی نیشتیمانی عێراق پێش ساڵی 2003دەکەین، لقی دووەم: دەستور و دووبارە داڕشتنەوەی شوناسی نیشتیمانی عێراقی دوای 2003، لقی سێیەم: ڕەنگدانەوەی حکومەت و سیستەمی سیاسی لەسەر دووبارە داڕشتنەوەی شوناسی نیشتیمانی عێراقی دوای 2003:**

#### لقی یەکەم: شوناسی نیشتیمانی عێراقی پێش ساڵی 2003:

**شوناسی نیشتیمانی عێراقی لە ئەنجامی کار و پیادەکردنەکانی دەسەڵاتی سیاسی و دەستەبژێرەکانی ناوی ڕوبەڕووی شێواندنی زۆر بووەتەوە، بەجۆرێك ئەم دەستەبژێرانە بە بیروباوەڕو وئایدۆلۆژیاییەکی پەراوێزخەرانە پرۆسەی توانەوە و نەهێشتن و یەکخستن و لێکدانی زۆرەملێییان بۆ زۆربەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای عێراقی پیادەکردووە، هەر بۆیە لاوازی و بێهێزی شوناسی نیشتیمانی هۆکار و فاکتەری سەرەکی و بنەڕەتی بووە لە پشت بەردەوامبوونی توندوتیژی و بارگرژییەکانی واقیعی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراق، بەشێوەیەك لە دواجاردا ئەمە بووەتە هۆی شکستی دەستەبژێرە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواکانی سەردەمی پاشایەتی لە بنیاتنان و دروستکردنی شوناسێکی نیشتیمانی عێراقی بەهۆی شکستهێنانیان لە بنیاتنانی چەمکی هاووڵاتیبوون، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوون و فراوانبوونی دابەشکارییە ناوخۆییەکانی هەر یەکە لە نەتەوەکانی کورد و عەرەب لەلایەك و سوننە و شیعە لەلایەکی دیکەوە، هەر بۆیە دەرفەتەکانی بەردەم سیستەمی سیاسی بۆ بنیاتنان و دروستکردنی شوناسێکی نیشتیمانی کەم بووەوە و پاشەکشەی کرد، کە لە دەرئەنجامدا ئەمە بووەتە هۆی دروستبوونی بارودۆخێکی نائارامی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی، ئەمەش لەبەر ئەوەی چین و توێژێکی دیاریکراو بە درێژایی ماوەی نێوان ساڵانی 1921-1958 کۆنترۆڵی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی کردبوو بەبێ ئەوەی هیچ پرۆسەیەکی بەشداریکردن و دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگای عێراقی هەبێت.[1]**

**ئەگەر بێتوو بە وردی سەرنج بدەین دەبینین هەر لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی 1921 بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنی بابەتی شوناسی نیشتیمانی عێراقی خێراتر بوو، بەشێوەیەك ئەم شوناسە نیشتیمانییە زاڵ بوو بەسەر شوناسە لاوەکی و ناوچەییەکان، هەرچەندە ئەم شوناسە نیشتیمانییە هەرگیز نەیتوانی بەشێوەیەکی تەواو و بە هەمیشەیی شوناسە لاوەکی و ناوچەییەکان نەهێڵێت و جێگەیان بگرێتەوە، چونکە هەموو ئەو شتانەی کە لە ماوەی سەدان ساڵدا کەڵەکە بووە و لەسەر یەکتر کۆبۆتەوە ئێستاکە ناتوانرێت تەنیا لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا لاببرێت و نەهێڵدرێت[2]**

**ئەوەی دەتوانرێت بگوترێ سەبارەت بەوەی کە لە یاسای بنەڕەتی یاخود دەستوری عێراقی ساڵی 1925 هاتووە سەبارەت بە مافە سیاسییەکانی نەتەوەکانی دیکە دەبینین کە ئەوانە مافی گشتین، لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئەم دەستورە دانی ناوە بەبوونی فرەیی نەتەوەیی و ئایینی لە عێراق بەڵام بەبێ ئەوەی بە ئاشکرا و بەڕوونی ناوی ئەم نەتەوە و ئایینانە بهێنرێت، بەشیوەیەکی گشتی پرەنسیپی یەکسانی لەبەردەم یاسادا بە یەکێک لە مافە گشتییەکان هەژمار دەکرێت کە بۆ تاکەکان بڕیاری لەسەر دراوە و زۆربەی دەستورەکانی وڵاتانی جیهان لەو سەردەمەدا لە ژێر کاریگەری جاڕنامەی فەرەنسی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی ساڵی 1789 دەقیان لەسەر کردووە، هەربۆیە ناکرێ ئەم بنەما و پرەنسیپانەی**

---

(1) عبد العظيم جبر حافظ, التغير السياسي والهوية الوطنية العراقية بحث في التوجهات الدستورية قبل وبعد2003, مجلة حمورابي للدراسات, العدد50, السنة الثالثة عشرة: 2024, ص 74

(2)Ismaeel Dawood, Moats, Walls, and the Future of Iraqi National Identity,IAI Working papers, 16l28, Istituto Affari Internazionali, 2016 P 9

یاسای بنەڕەتی وەک دانپێدانانێک بە بوونی فرەیی نەتەوەیی و مەزهەبی و ئایینی لە عێراقـدا هەژمـار بکـرێن، چـونکە ئەم دەستووره لە بنەڕەتدا باسی مافی ئەو نەتەوانەی نەکردووە یان ئەوەتـا بە ڕاشـکاوی ڕۆشـنایی نەخستۆتەسـەر، هەر بـۆیە دەبینین ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ گەشەنەکردنی هەستێکی ڕاسـت و دروسـتی شوناسـی نیشـتیمانی عێراقـی بـۆ ئەندامان و تاکەکانی عێراق، ئەمە هاوکـات لەگەڵ ئەوەدا کۆمەڵێـک هۆکـاری دیـکەش هەن بـۆ نمـوونە وابەسـتەبوونی وڵاتی عێراق بۆ وڵاتانی کۆڵۆنیالیزم لە سەردەمی پاشایەتیدا.[1]

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین درەختی شوناسی نیشتیمانی عێراقی لە دوای ساڵی 1958 تا کۆتایی حەفتاکـانی سـەدەی ڕابردوو بەردەوام بوو لە گەشـەکردن و بەرەوپێشـچوون، بەڵام بێگومـان ئەم گەشـەکردن و بەرەوپێشـچوونەی شوناسـی نیشـتیمانی بـێ بەربەسـت و ئاڵنگـاری نەبـوو، هەمـوو ئەم بەربەسـت و ئاڵنگارییـانەش هاوکـات پەیوەسـت بـوون بە بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنی سیستەمی سیاسی عێراق و پارتە سیاسـییەکانییەوە، ئەم درەخـتەی شوناسـی نیشـتیمانی عێراقی بەهۆی هەڵکشان و بەرزبوونەوەی شەپۆلی ناسیۆنالیزم لە کـاتی جەنگی جیهـانی دووەم و دوای جەنگی جیهـانی دووەم زیانێکی زۆری پێگەیشت، کە بەداخەوە ئەمە دەسپێك و پێشەنگێک بوو بۆ شتە خراپترەکانی داهاتوو، لە سەردەمی دەسـەڵاتی حزبـی بەعسـدا ئەولەویـیەت و پێشـەنگی و کـاری لەپێشـینە بـۆ بەرزڕاگرتنـی ئایـدۆلۆژیای حـزب بـوو کە ئەم ئایدۆلۆژیایە وەک پێوەرێک بۆ شوناسی نیشـتیمانی سـەیر دەکـرا، بە جۆرێـك لەم سـەردەمدا زۆرێـک لە عێراقییەکـان بە هۆکاری سیاسی ڕەگەزنامەیان لێ زەوتکراو و بێبەشکران لێی، ئەگەر بێتوو سـەیر بکەیـن دەبینـین حەفتاکـان و هەشـتاکانی سەدەی ڕابردوو پچڕانێکی ڕوون و ئاشکرای نێوان هەردوو پڕۆسـەی گەشەسـەندن و پەرەپێـدانی پێکهاتەکـانی دەوڵەت و هەروەها بونیادنان و دروستکردنی شوناسێکی نیشتیمانی عێراقی بەخۆیەوە بینـی کە لەو کـاتەدا نزیـک بـوو لە وەسـتان و داتەپین.[2]

هەر لەژێر ڕۆشنایی ئەمەی سەرەوە دەتـوانین بڵێـین شوناسـی نیشـتیمانی عێراقـی لە پێشـوودا سـەرەتا و بە پـلەی یەکەم پەیوەستن بوو بە سەرکردە و حزب و دەسەڵاتەوە ئینجا لە پاشاندا بە نیشتمان و بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەست بوو، ئەمەش بەواتای ئەوە دێت کە ئەوکات ئینتیما و لابەندی بۆ نیشتیمان بووبو بە بەهایەکی لاوەکی و پلە دوو کە پێویست بوو عێراقییەکان بە پێی پێویستی و مەرج و بەرژەوەندییە کەسی و خێزانیەکـانی سـەرکردەوە پێـیەوە پابەنـد بـن، بەڵام دواتـر بـارودۆخەکە گـۆڕا و ئینتـیما و لابەنـدی بـۆ نیشـتمان بـوو بە بەهـایەک کە عێـراق لە پێنـاو دەسـتەبەرکردن و بەدیهێنـانی یەکگرتوویی و سەقامگیریی وڵات داوای دەکرد، بەڵام هەموو ئەمانە تەنها کۆمەڵە دروشـمگەلێکی بـێ نـاوەڕۆك بـوون کە تەنها وەك مەرج و پێویستییەکی قۆناغی ئەوکات هاتبوونە پێشەوە و باسیان لێوە دەکرا، ئەم بەهایە واتا ئینتیما و لابەندی بۆ عێراق ڕووبەڕووی چەندین کێشە و گیروگرفتی ئاڵۆز دەبێتەوە بەجۆرێك هەندێك لەم کێشە و گیروگرفتانە پەیوەندییان بە سروشتی ئەم ئینتیما و لابەندییە هەیە کە ئایا ئەم ئینتـیما و لابەنـدییە پەیوەسـتە بە بەرژەوەنـدییەکی تـایبەتەوە کە بە نەمانی ئەم بەرژەوەندییە تایبەتە ئەم ئینتیما و لابەندییەش کۆتایی پێدێت، بەشێکی دیکەشـی ئەم کێشـە و گیروگرفتـانە پەیوەستن بە جۆرەکانی ئینتیما و لابەندی و جۆری ئەو پرس و بابەتانەی کە ئاراستەی دەکرێت.[3]

**لقی دووەم: دەستور و دووبارە داڕشتنەوەی شوناسی نیشتیمانی عێراقی دوای ساڵی 2003:**

سیستەمی سیاسی عێراق لە پێشووتردا کاری دەکرد لەسەر قـووڵکردنەوە و تـۆخکردنەوەی ڕۆحـی خێڵەکـی و تـائیفەگەری، ئەمە لەبری ئەوەی تاکەکان لە دۆخی خێڵەکـی تـائیفەگەری و نەتەوەگەری و ئێتنیکـی ڕزگـار بکـات لەپێنـاو ئەوەی بـبن بە هاوڵاتی باش و چاك، بەڵام بە پێچەوانەوە سیسـتەمی لەپێشـوودا بەهـا و نەریتـی خێڵەکـی و تـائیفی چەسـپاند، ئەمەش

(1) عدنان قادر عارف زنكنة, الهوية الوطنية في الدولة العراقيـة الموحـدة: دراسـة تحليليـة-تاريخيـة في الدسـتور الملـكي والدساتير العراقية المؤقتة, مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية, جامعة كركـوك, المجلـد9, العـدد2: 2014, ص 113-114

(2) Ismaeel Dawood, Moats, Walls, and the Future of Iraqi National Identity, Ibid., PP. 10-11

(3) محمد ذنون زينو الصائغ, أزمة الهوية الوطنية العراقية بين الانتماء والولاء والحقوق والواجبات, مجلة اكليل للدراسات الانسانية, الجمعية العراقية العلمية للمخطوطات, المجلد5, العدد1-ج3: 2024, ص 1835

لەڕێگەی دووبارە بەرهەمهێنانەوە و چەسپاندنی بەهاکانی کۆنەپەرستی خێڵەکی و هاندانی ڕۆحی تائیفەگەری لەبری ئەوەی هەوڵ و کۆشش بکات بۆ گەرەنتیکردنی نەهێشتن و سڕینەوەیان، بەڵام دەبینین سیستەمی سیاسی پێشووی عێراق هۆشیاری ئایینی و تائیفی و خێڵەکی بەرزکردەوە بگرە لەوەش زیاتر ئامراز و میکانیزمی بەرگریکردن لە خۆی پێبەخشی، بەڵام دواتر لە دەستووری ساڵی 2005 کە گرینگترین بەڵگەنامەی سیاسییە کە لە دوای ساڵی 2003 داڕێژرا بەڕوونی دەردەکەوێت کە وڵاتی عێراق لە وڵاتێکی خاوەن شوناسێکی سادە کە بریتییە لە شوناسی عەرەبی وەك وڵاتێکی فرە شوناس و خاوەن شوناسی جیاواز و جۆراوجۆر گوزارشت لەخۆی دەکات، ئەمەش لێرەدا بەواتای ئەوە دێت کە وڵاتی عێراق لە بیرۆکەی نەتەوەی عێراق بە چەمکی کولتووری نەتەوەی عێراقییەوە گواستراوەتەوە و هەنگاوی ناوە بۆ تێگەیشتن لە عێراق وەک قەوارەیەکی سیاسی کە لە چوارچێوەی خۆیدا کۆمەڵێک شوناسی جیاواز و جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت، بێگومان وەك ئاشکرایە ئەم گواستنەوە و هەنگاوانەی عێراق چرکەساتێکی چارەنووسساز و یەکلاکەرەوە بوو لە مێژووی سیستەمی سیاسی عێراقدا، ئەمەش بەو پێیەی وڵاتی عێراق لێرەدا لە وڵاتێکەوە کە سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەیی وەرگرتبوو بۆ وڵاتێك کە سیستەمێکی سیاسی فرەیی گرتەبەر گواسترایەوە، یاخود لێرەدا دەتوانین بڵێین عێراق وڵاتێکە لەسەر بنەمای یەك نەتەوە دانامەزرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک شوناسی جیاواز و جۆراوجۆر دامەزراوە، هەر لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنەش بوو کە سیستەمی سیاسی عێراق لەدوای ساڵی 2003 دروستبوو.[1]

هەر لە سەرەتای نووسینەوەی دەستووری نوێی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ سروشتی نوێنەرانی سیاسی و یاسادانەرانی دەستووری و ڕێککەوتنیان بۆ داڕشتنی دەستوورێکی یەکگرتوو بارودۆخێکی ڕاکێشان و بەرپەرچدانەوەی دروستکرد سەبارەت بە ئەگەری هاتنە پێشەوەی دەستورێک کە نوێنەرایەتی هەموو ئەندامان و تاکەکانی وڵاتی عێراق و فرەیی و هەمەجۆری کۆمەڵگاکەی بکات بەپێی پرەنسیپ و بنەما گونجاو و هاوبەشەکان، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەگەر بێتوو دژایەتی و ململانێی ئیتنیکی و ئایینی و نەتەوەیی و ئاراستە ئایدیۆلۆژییە جیاواز و لێکنەچووەکان دروست ببێت ئەوا کاریگەری شاراوە و دیاری لەسەر ئەگەری هاتنە پێشەوە و داڕشتنی دەستورێکی مەدەنی ڕاستەقینە دەبێت کە ویست و ئیرادەی عێراق و بونیاد و پێکهاتە فرە و هەمەچەشنەکەی دەستەبەر بکات، بەجۆرێك کە ڕەوت و ئاراستە ئیسلامییەکان پاڵپشتی بە ئیسلامیکردنی وڵات و کۆمەڵگا دەکەن، لە بەرامبەردا ڕەوت و ئاراستە میانڕەوەکان پەیڕەوی لە بەها مەدەنییەکان دەکەن کە ویست و ئیرادەی کۆمەڵگا و پیاوانی ئایینی لەنێوان قبوڵکردن و پەسەندکردن یاخود ڕەتکردنەوەوی دەستور بەدیدەهێنێت، هەربۆیە دەبینین حاڵەت و بارودۆخی پارچەپارچەبوون و دابڕان تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت بەربەست و ئاستەنگێکی گەورە بووە لەبەردەم بەدیهێنانی ڕوانگە و دیدگایەک کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق وشوناسە زۆرینە و کەمینەکان یەکبخات، ئەمەش لەپێناو پاڵپشتیکردن و بڵاوکردنەوەی ئازادییە جۆراوجۆرەکان لەنێوان گروپەکان و نوێنەرایەتیکردنیان بەپێی بنەمای هاووڵاتیبوون و دامەزراوەیی.[2]

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ململانێ و ناکۆکییەکانی دوای ساڵی 2003 و پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس بەکراوەیی مانەوە و شوناسە جۆراوجۆرەکانی عێراق بۆ مانەوە و زیندوکردنەوە و پاراستنی شوناسی خۆیان لە عێراقی نوێدا تێکۆشاون، هەرچەندە لە دەستوری عێراقدا باسی پاراستنی مافی کەمینەکان و سود وەرگرتن و بەهرەمەندبوون لە زمان و کلتوری خۆیان کراوە بەڵام دەکرێت بگوترێت لەڕووی کردارییەوە نەتوانراوە کار بۆ ڕەخساندنی زەمینەیەك لەپێناو لەیەك نزیکبوونەوەی عێراقییەکان لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکان بکرێت.[3]

(1) هيفاء أحمد محمد, اشكالية الهوية الوطنية العراقية, مجلة دراسات دولية, مركز الدراسات الدولية, جامعة بغداد, العدد 53: 2012, ص 11

(2) وضاح فاضل العنبكي/ أحمد عدنان الميالي, اشكاليات الهوية وبناء الدولة والمجتمع عند فالح عبدالجبار, الطبعة الأولى, مركز الرافدين للحوار، بيروت: 2021، ص 180

(3) ڕێژنە أبوبكر قادر، میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتە فیدڕاڵییەکاندا: ناکۆییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵی عێراق وەك نموونە، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی: 2021، لا 96

**لقی سێیەم: ڕەنگدانەوەی حکومەت و سیستەمی سیاسی لەسەر دووبارە داڕشتنەوەی شوناسی نیشتیمانی عێراق دوای 2003:**

هەروەك ئاشكرایە حكـومەت لەلایەن و ڕەهەنـدی وەزیفیـیەوە وەك گەرەنتـیكەری ئاسـایش كە لەكـاتی ئێسـتادا بنـاغە و بنچینەیەكی سەرەكییە بۆ هەر پرۆسەیەیكی بنیاتنان و دامەزراندن ڕۆڵێكی سەرەكی و بنەڕەتی هەیە لە دووبارە یەكگرتنەوە و پێكهێنانی شوناسی نیشتیمانی[1] بەڵام بەشێوەیەكی گشتی دەكرێـت بگوترێـت حكومەتەكـانی دوای سـاڵی ٢٠٠٣ لە وڵاتـی عێراقدا شوناسی نیشتیمانی تێكدەدەن و هێزە كـۆمەڵایەتی و سیاسـییەكان بەبـێ ڕەچـاوكردنی ئایـدۆلۆژیا و ئاراسـتەكانیان بەشدارن لە نەهێشتنی هۆشیاری یان هەستكردن بە ئینتیما و لابەندی نیشـتیمانی، كە ئەمەش هۆكـارێكی بـۆ ئەوەی بەرەو شوناسە لاوەكییەكانیان ببات و لە دواجاردا ئەمە دابەشبوون و دووبەرەكـی و نـاكۆكی و جیاوازییەكـان لە كۆمەڵگـادا زیـاد دەكات و پەراوێزخستنی هەندێک گروپی كۆمەڵایەتی زیاد دەكات و لەجیاتی هاوڵاتیبوون ئینتیما و لابەندی بۆ بۆ كـۆمەڵە و گروپ و پێكهاتەكان بەرەوپێش دەبات، ئەمەش ئاستەنگ و بەربەست دەخاتە بەردەم پێكەوەژیان و قبوڵكردنی ئاشتیانە وهەروەها دۆخی ململانێ توندتر دەكات، بەگشتی هەندێک لایەنی سیاسی خەوش و كەموكورتییان هەبـووە و هەنـدێكی دیكەشیان شكستیان هێنـاوە لە مـامەڵەكردن لەگەڵ پرسـی فرەیـی و هەمەچەشـنی كە تایبەتمەنـدییەكی دیـاری كۆمەڵگـای عێراقە، ئەمەش ئاستەنگ و بەربەست بووە لە دروستبوون و هاتنەئارای كۆمەڵگەیەكی هاوئاهەنگ و یەكگرتوو كە بتوانێت ئاسایشی سیاسی بەدیبهێنێت، هێزە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكانی عێـراق ئەو هۆشـیاری و پێگەیشـتنە پێویسـتەیان نیـیە كە لەڕێـگەیەوە هەسـتكردن بە هـاووڵاتیبوونی كـارا و چـالاك بەدیبهێـنن، ئەمەش دەبێـتە هـۆی گەشەسـەندنی شوناسـە لاوەكییەكان و زیادبوونی دووبەرەكی و بارگژی سیاسی.[2]

هەروەها لەلایەكیترەوە قۆناغی دوای ساڵی 2003 لە وڵاتی عێراقـدا و سـەبارەت بە سروشـتی سیسـتمی سیاسـییەكەی لەو كاتەدا بەجۆرێك بوو كە تێیدا شوناسی نیشتیمانی لە هەردوو كایەی سیاسی و گشتیدا بە لاوازی و بێهێزی تایبەتمەند بوو، جگە لەو حاڵەتە سنوردار و دیاریكراوانە نەبێت كە لە چوارچێوەی گرینگی پێدان و جێبایەخی دەستەبژێرە كولتوورییەكان و هەنـدێک كەسـایەتی سیاسـیدا مـابوونەوە، دەتوانرێـت ئەم دابەزیـن یـان لاوازیـیەی شوناسـی نیشـتیمانی هۆكـارەكەی بگەڕێندرێتەوە بۆ سەرهەڵدان و هەڵكشانی شوناسە لاوەكییەكان، هەروەكو چـۆن ئەم شوناسـە لاوەكییـانە لە داڕشـتن و دیزاینكردنی سیسـتەمی سیاسیشـدا ڕەنگـدانەوەی هەبـوو، ئەمەش لەپێنـاو ئەوەی سیسـتەمە سیاسـییەكە لەسـەر بنەمـای پشكپشكێنە و بەشبەشێنەی پێكهاتەیی دامەزرێت و دروست ببێت، هەربۆیە هێز و لایەنە سیاسییەكان هەوڵیاندا ناوەڕۆكی خواست و ترسەكانیان لەڕێگای جەختكردنەوە لەسەر شوناسە لاوەكییەكەیان و داواكاری بەردەوام لە ڕێگەی هەڵوێست و سیاسەت و میدیاوە بۆ پێویستی دابەشكردنی ئیمتیازاتی سیاسی لەسەر بنەمای پشكپشكێنەی هەر پێكهاتەیەک دەربڕن.[3]

هەر بۆیە بە مەبەستی دووبارە داڕشتنەوەی و وەبەرهێنـانەوەی هۆشـیاری كـۆمەڵایەتی و یەكگـرتن و یەكخسـتنی هەمـوو تاكەكان و هاوڵاتیانی عێراق لە شوناسێكی نیشتیمانیدا پێویستە كەلتووری لێبوردەیی و پەروەردەكردن و فێربوونی كولتوری دیموكراسی بڵاوبكرێتەوە كە جێبەجێكردن و پیادەكردنی ئەم كەلتور و فەرهەنگە بوار و پانتاییەكی بەرفراوان دەڕەخسێنێت بۆ لێكتێگەیشتن و گفتوگۆی عەقڵانی و ژیرانە لەبری توندوتیژی كە جگە لە پەلاماردان و هێرشكردنە سەر ئەویـتری جیـاواز وێنا و گوزارشـتی هـیچ باشـییەك ناكـات، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەگەر دانپێـدانانی یەكـتر بە شـوناس و ڕێزگـرتن لە مـاف و ئازادییەكەی جەوهەر و بنەمای هاوبەشی نێوان هەموو ئەم مەرجانە بێـت ئەوا هۆكـاری ئەمە دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەوەی كە مـرۆڤ لە بـارودۆخی دوورخسـتنەوە و پەراوێزخسـتنیدا ناتوانێـت پەیوەنـدییەكی ئـازاد و كـاریگەر و ئەرێنـی لەگەڵ

(1)هيفاء أحمد محمد, اشكالية الهوية الوطنية العراقية, المصدر السابق, ص 16

(2) كـرار ابـراهيم مهـدى، بشـير نـاظر حميـد, التنـوع الثقـافي وبنـاء الهويـة الوطنيـة: رؤيـة سوسـيولوجية, مجلـة اداب المستنصرية, جامعة المستنصرية, المجلد49, العدد109: 2025, ص 274

(3) مؤيد جبير محمود, الاعتدال في الخطاب السياسي وأثره في بناء الهوية الوطنية العراقية, مجلة قضايا سياسية, جامعـة النهرين, العدد67: 2022, ص 284

شوناسەکەیدا بەدیهێنێت، کە ئەمەش دواجار دەبێتە هۆی بێتوانایی مرۆڤ لە گەیشتنی بە پەیوەندییەکی ئازاد و کاریگەر و ئەرێنی لەگەڵ شوناسەکانی دیکەشدا.[1]

**داوکراوی دووەم/ سەقامگیری سیاسی لە عێراقی دوای 2003**

وڵاتی عێراق دوای ساڵی 2003 بەهۆی کۆمەڵێك فاکتەر و هۆکاری زۆر و جۆراوجۆری دەرەکی و ناوەخۆیی ڕووبەڕووی چەندین قەیران و بارگرژی و بارودۆخی سەخت بووەوە، بەجۆرێك کە ئاماژە و دەرکەوتەکانی بووە هۆی زیادبوونی کێشە و گیروگرفتە ئەمنی و ئاسایشییەکان وهەروەها کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر هەر سێ ئاستی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبوو، ئەمە جگە لەوەی ئەم سیستەمە سیاسی نوێیەی دوای ساڵی 2003 لەسەر هەردوو بنەما و لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی هەندێک ئاماژە و نیشانەی ڕەتکردنەوە و قبوڵنەکردن بووەوە و یەکێک لە ئاماژە و دەرکەوتەکانی ئەم ڕەتکردنەوە و قبوڵنەکردنەش توندوتیژی چەکداری بوو، کە لە ئەنجامدا بەهۆی ئەم توندوتیژییە چەکدارییەوە واقیعێکی سیاسی نەرێنی و خەوش و کەموکوڕی لە ئەدای دامەزراوەیی و حکومیدا هاتەئاراوە، کاریگەری ئەم پاڵنەر و بارودۆخ و هۆکارانەش بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەرکەوت کە نەک تەنها کاریگەری لەسەر سیستەمی سیاسی وڵاتی عێراق هەبوو بەڵکو بووە هۆی تێکدان و نەهێشتنی هەر هەوڵ و کۆششێك کە بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی ئەنجام دەدرا.[2]

لەلایەکیترەوە دەبینین وڵاتی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە چووە ناو قۆناغ و دەسپێکێکی نوێوە بەجۆرێك کە پێویستی بە دانان و دیاریکردنی ڕێبازێکی دیموکراسی هەبوو بۆ ئەوەی ڕێکخستن و ئامادەکاری بۆ پرۆسەی گواستنەوە و دەستاوەستکردنی دەسەڵات بکات، بەڵام ئەم گواستنەوە و دەستاوەستکردنی دەسەڵاتە پێویستە لەسەر پرەنسیپ و بنەمایەکی ئاشتییانە بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی وەك ئاشکرایە کە جێبەجێکردن و پراکتیزەکردنی سیستەمی دیموکراسی شتێك نییە کە بە خێرایی و بەیەکجار بەدیبهێت، هەروەها سەقامگیری سیاسی فەراهەم نابێت و نایەتەدی ئەگەر بێتوو بناغە و بنەما و ڕێسای پتەو و جێگیری بۆ دانەنرێت بەجۆرێك کە ڕێکخستن و ئامادەکاری بۆ گواستنەوە و دەستاوەستکردنی دەسەڵات لەنێوان هێز و لاینە سیاسییە جیاواز و جۆراوجۆرەکان بکات.[3]

لەلایەکیترەوە وەك ئاشکرایە ئەو گۆڕانکارییە سیاسییەی کە دوای ساڵی 2003 لە وڵاتی عێراق هاتەئاراوە قۆناغ و خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی عێراقدا، ئەمەش بەو پێیەی لەو کاتەدا وڵاتی عێراق لە سیستەمێکی تاک حزبییەوە وەچەرخانی کرد و گوازرایەوە بۆ سیستمێکی دیموکراسی کە لەسەر پرەنسیپ و بنەمای فەرمانڕەوایی گەل و جەماوەر دامەزراوە، لە هەمان کاتدا دەکرێت بگوترێت ئەو گۆڕانکاری و وەچەرخانەی کە لە وڵاتی عێراق ڕوویدا گۆڕانکاری و وەچەرخانێکی خێرا و لەناکاو بوو کە بەهۆیەوە زۆربەی دامەزراوە و پایەکانی دەوڵەت داڕما و هەرەسس هێنا، بۆ نموونە وەك دامەزراوەکانی سوپا و ئاسایش وهەروەها ژێرخانی کەرتی ئابووری و کەرتە گرینگەکانی دیکەش، کە بێگومان هەموو ئەمانەش کاریگەری خەراپ و نەرێنییان لەسەر سەقامگیری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەمنی وڵات هەبوو، بەشێوەیەکی گشتی هۆکار و فاکتەرەکانی ناسەقامگیری لە وڵاتی عێراقدا زۆر و جۆراوجۆرن کە خۆیان دەبیننەوە لە بوون و ئامادەیی لایەنە دەرەکییەکان و کێشەی قبوڵکردن یاخود ڕەتکردنەوە سیستەمی سیاسی و دەستوەردانە دەرەکییەکان جا دەستوەردانی هەرێمی بێت

---

(1)عبير سهام مهدي/ عمار حميد ياسين, اشكالية الهوية في العراق, رؤية في التحديات ومستقبل بناء هوية وطنية عراقية بعد عام 2003, المجلة السياسية والدولية, الجامعة المستنصرية, العدد28, المجلد29: 2015, ص 402

(2) يزن خلوق محمد ساجد/ اسراء علاء نوري, الاعلام الأمني وتحقيق الاستقرار السياسي في العراق بعد عام 2003, مجلة دراسات اقليمية, جامعة الموصل, المجلد16, العدد52, 2022, ص 227

(3) شيماء فاضل نصيف جاسم, الاستقرار السياسي في العراق دراسة مقارنة مع تجارب دول أخرى, مجلة جامعة الانبار للعلوم القانونية والسياسية, جامعة الانبار, العدد1, المجلد15: 2025, ص 1318

یاخود نێودەوڵەتی کە بە دوو هۆکاری ڕاستەوخۆ و کاریگەری ئەو ناسەقامگیرییە بەردەوامە دادەنرێت کە سیستەمی سیاسی عێراق بەدەستییەوە دەناڵێنێت.[1]

لەم باسەدا بۆمان ڕوون بووەوە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وڵاتی عێراق گۆڕانکاری ڕیشەیی و بنەڕەتی بەخۆیەوە بینی کە کاریگەری لەسەر پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی هەبوو، یەکێک لەو ئاڵنگارییە هەرە بەرچاوانەی کە ڕووبەڕووی بووەوە بریتی بوو لە دووبارە دارشتنەوەی شوناسی نیشتیمانی بوو، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم فرەیی و هەمەچەشنییەی کۆمەڵگای عێراقی کە چەندان جۆری جیاوازی کۆمەڵە و پێکهاتە و نەتەوە و مەزهەبی جیاواز و جۆراوجۆری تێدایە،بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ تا ڕادەیەك ڕۆڵی هەبوو لە هەوڵدان بۆ چەسپاندنی چەمکی هاووڵاتیبوون لە ڕێگەی دانان بە فرەیی نەتەوەیی و ئایینی و تائیفی و هەوڵدان لەپێناو چەسپاندنی بنەمای یەکسانی لە نێوان هاووڵاتییاندا و هەروەها سیستەمی سیاسی نوێ کە لەسەر بنەمای فرەیی و هەڵبژاردن دامەزرابوو هەنگاوێک بوو بەرەو بەشداریکردنیکۆمەڵە و پێکهاتە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای عێراق لە پرۆسەی سیاسیدا، ئەمە سەرەڕای هەوڵەکانی هەندێک لە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان بۆ بنیاتنانەوەی هەستی نیشتیمانی لە ڕێگەی گوتاری هاووڵاتیبوون و گەشەپێدانەوە، بەڵام واقیع نیشانی داوە کە ئەم هەوڵانە بەس نەبوون بۆ چەسپاندنی شوناسێکی نیشتیمانی گشتگیر، بەڵکو شوناسە نەتەوەیی و مەزهەبی و پێکهاتەییەکان زیاتر بەرەو دابەشبوون و لێکجیایی چوون و دووبارە بنیاتنانەوەی شوناسێکی نیشتیمانی یەکگرتوویان سەختتر و ئاڵۆزتر کرد،سەبارەت بە سەقامگیری سیاسی لە عێراقی دوای 2003 وەك دەردەکەوێت لەوکاتەدا بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی دامودەزگاکانی دەوڵەت و سەرهەڵدانی ناکۆکی و ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان و هەروەها لاوازی دامەزراوەکان قۆناغێکی ناسەقامگیری سیاسی ئاڵۆزی بەخۆیەوە بینی.

## باسی سێیەم: لێکەوتەکانی قەیرانی شوناس لەسەر سەقامگیری سیاسی و کێشەی سیستەمی تەوافوقی لە عێراقی دوای 2003

ئەم باسە لە سێ داواکراو پێکدێت، داواکراوی یەکەم: پەیوەندی نێوان دابەشبوونی شوناسەکان و شکستهێنانی سەقامگیری سیاسی لە عێراق دوای 2003، داواکراوی دووەم: کێشەی شوناسی نیشتیمانی بەرامبەر بە شوناسە لاوەکییەکان، داواکراوی سێیەم: شکستهێنانی سیستەمی تەوافوقی لە بنیاتنانی شوناسێکی نیشتیمانی گشتگیر و مامەڵەکردن لەگەڵ فرەیی شوناسەکان و بەهێزکردنی سەقامگیری سیاسی.

**داواکراوی یەکەم: پەیوەندی نێوان دابەشبوونی شوناسەکان و شکستهێنانی سەقامگیری سیاسی لە عێراق دوای 2003:**

وڵاتی عێراق بەدرێژایی ماوەی ڕابردوو بەدەست قەیرانی شوناس و ئەو ڕەگەز و تۆخمانەی ناسەقامگیری ناوخۆیی دەناڵێنێت کە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتییە ئاراوە، ئەم قەیرانەش دوو لایەنی هەیە کە بریتین لە لایەنی سیاسی و لایەنی کۆمەڵایەتی، ئەمە سەرەڕای ئەو فرەچەشنی و جۆراوجۆرییەی کە لە وڵاتی عێراقدا هەیە بەجۆرێك کە ئەم فرەچەشنی و جۆراوجۆرییە بووەتە هۆی زاڵبوون و باڵادەستی فاکتەرەکانی لێکجیایی و دابەشبوون و ناتەبایی بەسەر فاکتەرەکانی هاوئاهەنگی و یەکگرتوویی نیشتمانی لە نێوان کۆمەڵە و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا، ئەم بارودۆخەش ڕەنگدانەوە و کاریگەری هەبووە لە بەرەوپاشچوون و دابەزینی شێوازەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی یان سیاسی بۆ کارلێککردنی نێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، ئەمەش بارودۆخێکی خەراپ و نەرێنی بەرهەمهێناوە کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە هەڕەشە و مەترسییە بۆ ناسەقامگیری لە وڵاتی عێراقی، لێرەدا دەکرێت بگوترێت کە یەکێک لە کاریگەری و ڕەنگدانەوەکانی ئەم قەیرانی شوناسە نەهێشتنی چەمکی دەوڵەت بوو لە ناوەڕۆکی کەلتوور و فەرهەنگی سیاسی زۆرێک لە پارت و لایەنە

(1) رندا طلال حسن, انعكاس أزمة المياه في الشرق الأوسط على الاستقرار السياسي والاقتصادي: دراسة حالة العراق, أطروحة دكتورا, جامعة النهرين: 2021, ص 151

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

سیاسییەکان، کە ئەمەش بووە هۆی زاڵبوون و باڵادەستی ئینتیما و لابەندی حزبی بەسەر ئینتیما و لابەندی بۆ وڵات، بەجۆرێك وڵات وەك کایە و بوارێك سەیر دەکرێ کە دەبێ بە تەواوەتی بقۆزرێتەوە، [1]

خۆی لە خۆیدا فرەیی بە مانای هەمەچەشنی و جیاوازی دیاردەیەکە وێنا و گوزارشتی کێشە ناکات، بەڵام کێشەکە کاتێک سەرهەڵدەدات و دەردەکەوێت کە ئەم فرەچەشنی و جیاوازییە کاریگەری نەرێنی لێبکەوێتەوە کە مەترسی لەسەر ئاسایش و سەقامگیری کۆمەڵگا دروست دەکات، لە وڵاتی عێراقدا چەندین جۆری شوناس هەیە و هەروەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد هەمەچەشنی و جۆراوجۆری لە کۆمەڵگای عێراقدا بوونی هەیە و لەلایەنی ئایین و ئیتنیك و نەتەوەدا کۆمەڵگایەکی فرەیە، هەم ئایین و هەم نەتەوە و ئیتنیك تا ڕادەیەکی زۆر تێیدا بە سیاسی کراوە و خەریکە چەسپاوتر و زیاتر لێکجیا و جەمسەرگیرتر دەبن، هەر کاتێك کە شوناسەکان بە سیاسی بوون زیاتر ویست و مەیلیان بۆ ئاشکرا و لێکجیایی دەچێت، لەم پەیکەرە ئاڵۆزەی کۆمەڵگای عێراقدا دابەشبوونە جوگرافییە نەریتییەکان بە سنوورە تائیفی و نەتەوەیی و ئیتنیکییەکان بەهێزتر دەبن و ئەم دابەشبوونی تائیفییە بە هۆکاری سیاسی و ئایینیەو دەبێتەهۆی تێکچوون و بارگرژبوونی زیاتر ، لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە فرەیی لە وڵاتی عێراقدا ڕاستی و حەقیقەتێکە بەستراوەتەوە بە پێکهاتەی خودی کۆمەڵگاکە خۆیەوە و ئەم دیمەنی فرەییە بابەتێکی ئاڵۆزە و هێشتا تەواو نییە و لە گۆڕانی بەردەوامدایە ، لە دواجاردا تاوەکو ئێستاش وڵاتی عێراق بەدەست بەردەوامی کێشە و قەیرانە سیاسییە توندەکان دەناڵێنێت کە لە ئەنجامی دابەشبوونە گەورە و قووڵەکانی نێوان بەشەکانی دانیشتووان و نەبوونی هاوڕای و کۆدەنگییەکی یەکگرتوودا سەرچاوە دەگرێت و دێتەئاراوە، ئەم دیاردانە و فاکتەر و هۆکارەکانی پشتیان دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکانیان زیاتر قووڵ کردووەتەوە کە هاوکات لەگەڵ گرژی و ململانێکان شێواز و سیمایەکی توندوتیژیان وەرگرتووە، شایانی باسیشەکە فرەیی و جۆراوجۆری خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی هەرە سەرەکی زۆربەی کۆمەڵگا مرۆییەکانە و لەهەمان کاتدا زۆربەی وڵاتان و سیستەمە سیاسییەکان بەچۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم فرەیی و جۆراوجۆرییە و بەڕێوەبردنی دەناسرێنەوە و جیادەکرێنەوە، بەڵام ئەوەی کە لە وڵاتی عێراقدا بوونی هەیە ئەوەیە کە خەڵك و ئەندامانی کۆمەڵگا بە دەست ناکۆکی و ململانێی تائیفی و نەتەوەییەوە دەناڵێنن، ئەو ململانێیەش شێواز و فۆڕمی جۆراوجۆر و جیاوازی وەرگرتووە و ڕۆڵێکی گەورەی لە ناسەقامگیری سیاسیدا گێڕاوە[2]

هەربۆیە هەموو ئەمانە هۆکار و فاکتەرێکن بۆ ئەوەی کە کۆمەڵە و گروپە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتی عێراق بۆیان ئاسان و ڕێگاخۆشکەر بێت کە بۆ شوناس و ئینتیما و لابەندییە سەرەتایی و کلاسیکییەکانی وەك خێڵ و هۆز و پارت و حزب و ..هتد پاشەکشەبکەن، کە بێگومان هەموو ئەمانەش کۆمەڵگا بەرەو هەڵوەشاندنەوە و لەناوچوون دەبات و دەبێتە هۆی لەدەستدان و نەمانی ئاشتی کۆمەڵایەتی و ناوخۆیی وهەروەها نەمان و تێکچوونی سەقامگیری سیاسی لەناو وڵاتدا.[3]

**داواکراوی دووەم: کێشەی شوناسی نیشتیمانی بەرامبەر بە شوناسە لاوەکییەکان**

لەدوای ساڵی 2003وە پرۆسەی سیاسی لە وڵاتی عێراق ئەوەندە بە ئەجێندا و پرۆژە و دونیابینی و ئامانجی شوناسە لاوەکی و لۆکاڵییەکان کاریگەر بووە و لەهەمان کاتیشدا لە خزمەتی دابووە ئەوەند لەخزمەتی پرۆژەی شوناسسازی نیشتیمانی ڕاستەقینە و پتەوکردنی چەمکی هاوڵاتیبووندا نەبووە، کە یەکێکە لە مەرج و سیما هەرە سەرەکییەکانی دەوڵەتی سەقامگیر و پێشکەوتوو، بەردەوامی ناسەقامگیری سیاسی لەناوخۆی عێراقدا دیاردەیەکی بەرچاوی پرۆسەی سیاسییە لەدوای ساڵی 2003وە، هەڵبەتە هۆکار و فاکتەرەکانی پشت ئەم دیاردەیە هەمەچەشن و جۆراوجۆرن، بۆ نموونە یەکێك لەو هۆکار و فاکتەرانەش قوڵبوونەوەی شوناسە لاوەکی و لۆکاڵییەکانە کە ڕێگرە لەبەردەم ئاساییبوونەوە و هێوربوونەوەی بارودۆخی

(1) أحمد فاضل جاسم داود, العراق ما بعد الحرب واستراتيجية اعادة البناء دراسة تحليلية في الواقع والافاق المستقبلية, مجلة العلوم السياسية, جامعة بغداد, العدد56: 2018, ص ص 231-232

(2)جونا صبحي جميل, ظاهرة الأستقرار واللاأستقرار السياسي دراسة في الحالة العراقية بعد 2003, رسالة ماجستير, جامعة صلاح الدين, أربيل: 2013, ص ص 79-80

(3) أباذر عباس غضبان, تسييس الانتماءات الطائفية وأثره في الاستقرار السياسي العراقي, مجلة الخليج العربي, مركز دراسات البصرة والخليج العربي,جامعة البصرة, المجلد47, العدد3-4: 2019, ص 191

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

سیاسی و سەقامگیری سیاسی، ئەم بەردەوامی ناسەقامگیری سیاسییە سەری کێشاوە بۆ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی چەندین پارتی سیاسی و کۆمەڵە و گروپی چەکداری و ڕێکخراوی مەدەنی بەسیاسی کراو کە ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاویان لە دووبارە دارِشتنەوەی ستراتیژ و دونیابینی سیاسەتی گشتیدا هەیە، ئەم کاریگەرییەش لە پێکهێنانی کابینە یەك لەدوای یەکەکانی حکومەتی عێراقیدا بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، وێڕای هەموو ئەمانە قوڵبوونەوەی شوناسە لاوەکی و لۆکاڵییەکان کاریگەری زۆریان کردۆتە سەر پێگەی دەوڵەت، بەشێوەیەك کە لایەنداریەتی و لابەندی ئایینی و مەزهەبی کۆمەڵە و پێکهاتەکانی عێراق بۆ وڵاتانی دراوسێ ڕێگەی خۆشکردووە بۆ دەستێوەردانی ئەم وڵاتانە لەکاروباری ناوخۆیی عێراق و سەپاندنی پلان و ستراتیژییەتییەکانی تایبەت بەخۆیان[1]

دیاردەی دووبەرەکی و دابەشبوون لە کۆمەڵگای عێراقدا دیاردەیەکی نوێ نییە و دەکرێت ئەم دیاردەیە بگەڕێتەوە بۆ قۆناغە دوور و قووڵەکانی مێژووی عێراقی سەدەکانی ناوەڕاست و هاوچەرخ، بەڵام هەڵقۆستنەوە و بەکارهێنانی ئەم دابەشبوونە لە ڕووی سیاسییەوە تا دوای ساڵی 2003 ئاشنا نەبوو بە مێژووی وڵاتی عێراق، بەجۆرێك کە ئەوکاتە واتا دوای ساڵی 2003 هێزە سیاسییەکان کاریان کرد بۆ هەڵقۆستنەوە و بەکارهێنانی دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕووی سیاسییەوە بە ئامانجی بەردەوامی و مانەوەیان لە دەسەڵات و فەرمانڕەواییدا، کە بێگومان ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی شوناسی نیشتیمانی عێراقی توانای بەرگەگرتن و بەردەوامیدان بەخۆی لەدەست بدات، دواجار لەئەنجامی لاوازی شوناسی نیشتیمانی ئاشکرا و ڕوونە کە گوتاری سیاسی کۆمەڵە و پێکهاتەکان پەرەی سەند و بەرەو هەڵکشان چوو، بەجۆرێك هەر پارت و لایەنێکی سیاسی یان گروپ و کۆمەڵەیەك کە ویست و ئارەزووی کاری سیاسیی هەبوو لەڕێگەی کۆمەڵێک گوتاری سیاسییەوە دەستی کرد بە گوزارشتکردن و دەربڕینی شوناسە لاوەکییەکەی، بەجۆرێك هەندێکیان بەرگرییان لە مەزهەب و تائیفە دەکرد و هەندێکی دیکەشیان توندڕەو بوون و دابەشبوون و دووبەرەکی و چیرۆکی مێژووییان قۆستەوە و بەکارهێنا لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکان، زۆرینەی پارت و لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە سوود وەرگرتن لە فەزای ئازادی فراوان بە شێوەیەکی بەهێز و کارا لەسەر گۆڕەپانی سیاسی بەدیار کەوتن، ئەمەش لە ژێر ڕۆشنایی دەوڵەتێکدا پێکهاتە هەڵوەشاو و بەش بەش و پەرش و بڵاو و قەیراناوی لەڕووی شوناسەوە، جیاوازی نێوان پارت و هێزە سیاسییەکان لەڕووی ئایدۆلۆژیا و دیدگای هزری جیاوازیانەوە لە واقیعی پرۆسەی سیاسی و سروشتی گوتارە سیاسییە زاڵەکاندا ڕەنگیدایەوە، بە تایبەت خاوەنداری ئەم حزب و هێزانە بۆ دەزگای میدیایی و و ڕۆژنامە و گۆڤاری خۆیان، کە بەکاریان دەهێنا بۆ بەرگریکردن و داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییەکانیان و دیدگا و تێڕوانینە حزبی و سیاسییەکانیان بە بێ گوێدانە بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیی، بەشێوەیەك لەڕێگەی وتار و بەرنامە و پەیامە سیاسییەکاندا جەخت کرایەوە لەسەر پرس و بابەتی نا نیشتیمانی کرایەوە،هەروەها جەختکردنەوەی بەردەوام لەسەر شوناسە سیاسی و تائیفی و مەزهەبی و ئیتنیکی و ئایینییەکەی،کە هەموو ئەمانەش بەشداریی کرد لە دروستکردنی ژینگەیەکی بارگرژی ئاسایشی و کۆمەڵایەتی و سیاسی، لە ڕاستیدا تێنەگەیشتن لە دۆخی هاوسەنگی نێوان شوناسی نیشتیمانی و شوناسە لاوەکییەکان بووەتە هۆی ئەوەی کە تا ئەمڕۆش وڵاتی عێراق بەدەست کاریگەرییەکانییەوە دەناڵێنێت، لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەوە فرە و هەمەچەشنن پێویستی بە کێشانی سنوورێکی ڕوون هەیە لە نێوان شوناسە لاوەکییەکان و شوناسی نیشتیمانی، شوناسی نیشتیمانی ئەو دەفرە سیاسییەیە کە هەموو پێکهاتەکان لەخۆدەگرێت و دەتوانێت بناغەیەکی تۆکمە بێت کە هەموو عێراقییەکان لەسەری بوەستن و کۆببنەوە.[2]

لەلایەکیترەوە وەك ئاشکرایە دوای ساڵی 2003 بەهۆی سەرهەڵدانی توندوتیژی و بڵاوبوونەوەی ناسەقامگیری دیاردەی کوشتن و پێکدادان لەسەر پرس و بابەتی شوناس زیاتر پەلی هاوێشت و ڕوو لە زیاد بوون بوو بۆ ناو کۆمەڵە و

(1) یاسین ئاشوور جەوهەر، قووڵبوونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان و کاریگەریان لەسەر بونیادنانەوەی عێراقی نوێ لەدوای ساڵی 2003، سەرچاوەی پێشوو، لا 488

(2) مؤيد جبير محمود, الاعتدال في الخطاب السياسي وأثره في بناء الهوية الوطنية العراقية، المصدر السابق، ص 285-287

پێکهاتەکانی وڵاتی عێراق، ئەمەش لەبەر ئەوەی دەوڵەت وەك دامەزراوەیەکی سەروەر و پارێزەری ئەمن و ئاسایشی هاوڵاتییان ئەرکی خۆی لەدەستدا و وەك پێویست ڕۆڵی خۆی بە ئەنجام نەدەگەیاند.[1]

لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەو کۆمەڵگایانەی کە بەدەست قەیرانەیەک یەك لەدوای یەکەکانەوە دەناڵێنن، کۆمەڵگا گەلێکن کە لە کێشە و گیروگرفت و ناهاوسەنگییەکی پێکهاتەیی و کاراییدان،بێگومان ئەمە لە کاتێکدا کە ئەم کێشە و گیروگرفت و ناهاوسەنگییە پەیوەست و گرێدراو بێت بە ئینتیما ولابەندی بۆشوناسە لاوەکییەکان، بە تایبەتیش کەشوناسە لاوەکییەکان بەهۆی ناکۆکی و ململانێ و ڕکابەری نێوانیان لەسەر حیسابی شوناسی نیشتیمانی وا خۆی دەبینێت کەخۆی بە تەنها توانای بەرگەگرتن و مانەوەی نییە، ئا ئەم بارودۆخەیە کەوڵاتی عێراق لە ساڵی 2003وە بەدەستییەوە دەناڵێنێت، بە جۆرێك کەشوناسە لاوەکییە نەتەوەیی و ئاینییەکان و شوناسە لاوەکییەکانی دیکەش بەسەر کایە و گۆڕەپانی ژیانی سیاسی گشتیدا زاڵ و باڵادەست بوونە، ئەمە جگە لەڕۆڵی هێزە سیاسییەکان و چینی دەسەڵاتدار لە لاوازکردنی شوناسی نیشتیمانی عێراقی بەهۆی گەڕانەوە و پاشەکشەکردنیان بۆ شوناسە لاوەکییەکانیان.[2]

داواکراوی سێیەم: شکستهێنانی سیستەمی تەوافوقی لە بنیاتنانی شوناسێکی نیشتیمانی گشتگیر و مامەڵەکردن لەگەڵ فرەیی شوناسەکان و بەهێزکردنی سەقامگیری سیاسی

بەشێوەیەکی گشتی دوای گۆڕان و دروستکردن و پێکهێنانی ئەنجوومەنی حوکم لەسەر پرەنسیپ و بنەمای پشتبەستن و پیادەکردنی سیستەمی دیموکراسی تەوافوقی و بەشداریکردنی هەموو پێکهاتەکان لە پرۆسەی سیاسیدا، لێرەدا ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە شوناسی نیشتیمانی لاواز و بێهێز کرد و هەروەها ململانێ و کێبڕکێی سیاسی نێوان پارت و لایەنە سیاسییەکان لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای سیاسی گۆڕاوە بۆململانێ و کێبڕکێیەك کە خزمەت بە مەزهەب و تائیفەگەری دەکات، بەشێوەیەك کە ئەم پارت و لایەنە سیاسییانە پاڵپشتی و هێزی سیاسی خۆیان لە ئینتیما و لابەندی و نوێنەرایەتیکردنیان بۆ مەزهەب و تائیفە وەردەگرن و هەر لەسەر بنەمای ئەمەش دەچنە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەکان،کە سەرئەنجام بەهۆی ئەمەوە کلتورە لاوەکییەکان دەگوازنەوە بۆ سەر شەقام بەبێ ئەوەی هیچ پرۆژەیەکی نیشتیمانی گشتگیر و هەمەلایەنەیان هەبێت کە توانای جێگیرکردن و چەسپاندنی شوناسێکی نیشتیمانی عێراقی گشتگیری هەبێت.[3]

هەرچەندە حکومەتی عێراق نوێنەری هەموو کۆمەڵە و پێکهاتەو لایەنەکانی گەلو نەتەوەی عێراقی لەخۆگرتووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پارت و لایەنە سیاسییەکان سەرکەوتوو نەبوون لە گەیشتن بە چارەسەرێکی تەوافوقی کە پرەنسیپ و بنەمای دیموکراسییە لە عێراقی دوای 2003، پرۆسەی سیاسیش لە وڵاتی عێراق هەر لەدوای دەسپێکردن و سەرهەڵدانییەوە بەهۆی پەسەندکردن و پەیڕەویکردنی بنەما و پرەنسیپی پشکپشکێنە لە دابەشکردنی بەرپرسیارییەتییەکان و پشت بەستن بە ڕێککەوتن و سازان و لێکتێگەیشتنی سیاسیبە مەبەستی ڕازیکردنی هەموو ئەو لاینە سیاسییانەی کە بەشدارن لە پرۆسەی سیاسی زۆر بەربەست و ئاڵنگاری گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، بەجۆرێك کە ئەم پشکپشکێنەی پرۆسەی سیاسی عێراق بووەتە هۆی ململانێ و ڕکابەری لەنێوان ویست و ئیرادە سیاسییە جیاواز و جۆراوجۆرەکان کە هەوڵدەدەن دیدگا و تێڕوانینی کۆمەڵە و لایەنێک بەسەر کۆمەڵە و لایەنێکی دیکەدا بسەپێنن بەبێ ئەوەی لە بنەما و ڕێساکانی سیاسەتێکی هاوبەشەوە سەرچاوە بگرێت کە هۆکار و ئامرازێکە بۆ تێپەڕاندنی هێلە تائیفی و نەتەوەییەکان.[4]

لەلایەکیترەوە هەروەك ئاشکرایە تەوافوقی سیاسی بەواتای باوەڕبوون بە پێویستی پێدان و دەستەبەرکردنی مافە سیاسییەکان بە کۆمەڵە و گرووپە نەتەوەییەکان دێت، کە ئەمەش لەڕێگەی ڕێزگرتنی ئەم کۆمەڵە و گروپانە لەڕووی

---

(61) یاسین ئاشور، سەرچاوەی پێشوو، لا 483

(2) همسة قحطان خلف, تأثير صراع الهويات السياسية الفرعية في واقع التجربة السياسية الديمقراطية العراقية بعد عام 2003, مجلة حوليات اداب عين شمس, جامعة عين شمس, المجلد48: 2020, ص 9

(3) تارا عمر محمد، اشكاليات الانتقال الى الديمقراطية في العراق بعد 2003, اطروحة دكتورا, جامعة السليمانية: 2019, ص 196

(4) سداد مولود سبع، مشكلة الأمن والاستقرار السياسي فى العراق بعد العام 2003، مجلة دراسات دولية, جامعة بغداد, العدد62, المجلد1: 2015, ص 69

سیاسییەوە و نوێنەرایەتیکردنیان لە دەسەڵات گوزارشتی لێوەدەکرێت، سەبارەت بە وڵاتی عێراق ئەوەی لەدوای ساڵی 2003وە جێی سەرنجە ئەوەیە کە پرۆسەی سیاسی لەسەر پرەنسیپ و بنەمای تەوافوقی سیاسی بنیاتنراوە کە ئەمەش ئاڵنگارییەکی گەورەیە لەبەردەم سەقامگیری سیاسی وڵات، بەو پێیەی کاردەکات بۆ چارەسەرکردنی ململانێ و و ناکۆکییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکان بەپێی پرەنسیپی تەوافوقی لەسەر حیسابی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات[1]

لەکۆتایی ئەم باسەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و شکست هێنان لە بنیاتنانی پرۆژەیەکی تۆکمەی نیشتمانی بووەتە هۆی قووڵبوونەوە و زیاتر دابەشبوونی شوناسەکان، کە بێگومان ئەمەش یەکێکە لەو هۆکار و فاکتەرانەی کە کاریگەری خەراپ و نەرێنی لەسەر سەقامگیری سیاسی دروست کردووە، لەلایەکیترەوە سروشتی پرۆسەی سیاسی بەشداربوو لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی شوناسە مەزهەبی و پێکهاتەیی و نەتەوەیی و شوناسە لاوەکییەکان بە گشتی وەک ئامرازی کێبڕکێی سیاسی نەوەك بە ئامانجی یەکخستنیان لە ژێر شوناسێکی نیشتیمانی گشتگیر و یەکگرتوودا، هەربۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئینتیما و لابەندییە مەزهەبی و نەتەوەییەکان بووەتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ دیاریکردنی رەفتارە سیاسییەکان جا چ لەسەر ئاستی دەستەبژێرەکان بێت یاخود لەسەر ئاستی جەماوەری، ئەمەش بووەتە هۆی پەرەسەندنی ململانێ ناوخۆییەکان و قووڵبوونەوەی قەیرانی متمانە لە نێوان پێکهاتەکان و تەنانەت لەناو خودی یەك پێکهاتەی دیاریکراویشدا، هەربۆیە ئەم درزی شوناسە ڕاستەوخۆ بەشداربووە لە لاوازبوونی چەمکی هاووڵاتیبوون و بووەتە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگەی عێراقی لەنێوان شوناسە ناکۆکەکاندا کە هەوڵی گەیشتن بە بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانیان دەدەن بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییە گشتییەکان.

## دەرئەنجام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بەو دەرئەنجامەی کە نەبوونی پێناسەیەکی یەکگرتوو و کاریگەر بۆ شوناسی نیشتیمانی عێراقی دوای ساڵی 2003 هۆکار و فاکتەرێك بووە بۆ لاوازکردنی هەستی ئینتیما و لابەندی بۆ وڵات و سیستەمی سیاسی، کە بێگومان ئەمەش ژینگە و بارودۆخێکی لەباری بۆ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی شوناسە لاوەکییەکانی مەزهەبی و تائیفی و نەتەوەیی و ناوچەگەری ڕەخساند، لەلایەکیترەوە ئەم توێژینەوە دەریخست کە سەقامگیری سیاسی لە وڵاتی عێراقدا بەهۆی نەبوونی شوناسێکی نیشتیمانی یەکگرتوو کە هەموو کۆمەڵە و نەتەوە و پێکهاتەکان لەژێریدا کۆبنەوە بەردەوام ڕووبەڕوی هەڕەشە و مەترسی جددی دەبێتەوە، ئەمە جگە لەوەی زۆرکات وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی ئەم بارودۆخەی ناوخۆیی وڵاتی عێراق لە بەرژەوەندی خۆیان هەڵدەقۆزننەوە و بەسوود وەرگرتن لە پەرتەوازەیی و لێکجیایی و جۆراوجۆری و هەمەچەشنی شوناسەکان و نەبوونی شوناسێکی نیشتیمانی گشتگیر عێراق دەکەنە کایە و گۆڕەپانێك کە سیاسەت وستراتیژ و بەرنامەکانی خۆیان تێیدا جێبەجێ دەکەن و ئامانجەکانیان بەدیدەهێنن، کە بێگومان هەموو ئەمانەش کێشە و گیروگرفت و مەترسی بنەڕەتی و سەرەکی بۆ سەر سەقامگیری سیاسی وڵات دروست دەکەن، کەواتە ئەم توێژینەوەیە ئەوەی خستەڕوو کە بوونی شوناسێکی نیشتیمانی بەهێز و یەکگرتوو چەندە گرینگ و پێویستە و دەتوانرێت لەرێگەیەوە سیستەمێکی سیاسی سەقامگیر بنیات بنرێت کە توانای لەخۆگرتنی فرەیی و هەمەچەشنی هەبێت و بەرەو یەکگرتن ئاراستەی بکات نەوەك بەرەو ناکۆکی و ململانێ، هەربۆیە توێژینەوەکە پێویستی بنیاتنانەوەی شوناسێکی نیشتیمانی بۆ عێراق دەرخست، کە ئەمەش لەڕێگەی پرۆژەیەکی نیشتمانییەوە دێتەئاراوە کە هەموو کۆمەڵە و نەتەوە و پێکهاتە جیاواز و جۆراوجۆرەکان بەشداری تێدا بکەن و لەسەر بنەماکانی هاوڵاتیبوون و دادپەروەری و نوێنەرایەتیکردنی ڕاستەقینەی هەموو پێکهاتەکان بێت و بەدوور بێت لە مەزهەبگەرایی و نەتەوەگەرایی،ئەمەش لەبەر ئەوەی ئایندەی عێراق وەک دەوڵەتێکی سەقامگیر پەیوەستە بە توانای تێپەڕاندنی دابەشبوونەکانی شوناس و بنیاتنانی شوناسێکی نیشتیمانی یەکگرتوو کە وەک چەترێک گەرەنتی یەکڕیزی و یەکگرتوویی دەکات و کۆمەڵگا لە هەڵدێران بۆ ناو بازنەی ململانێ و دابەشبوون دەیپارێزێت.

---

(1) لطيف كامل كليوى و هدى عيدان جبار الربيعي, تحليل جغرافي لمحددات الاستقرار السياسي في العراق بعد عام 2003, مجلة اوروك للعلوم الانسانية, جامعة المثنى، المجلد 15, العدد3, ج2: 2022, ص 2467

**ڕاسپاردە:**

**لەژێر ڕۆشنایی ئەو دەرئەنجامانەی کە باسمان کرد لێرەدا چەند ڕاسپاردەیەك دەخەینەڕوو کە بریتین لە:**

**1- بەهێزکردنی شوناسی نیشتمانی لەڕێگەی پڕۆگرامەکانی خوێندن و پەروەردە و میدیای فەرمی، بەجۆرێك کە چەمکەکانی هاوڵاتیبوون و ئینتیما و لابەندی نیشتیمانی بچەسپێنێت و تیشک بخرێتەسەر سەر ئەو بەها کولتووری و مێژوویە هاوبەشانەی کە کۆمەڵە وپێکهاتەکانی کۆمەڵگای عێراقی یەکدەخەن.**

**2- جەختکردنەوە لەسەر ئەو بڕگە یاسایی و دەستوورییانەی کە چەمکی هاوڵاتیبوون و یەکسانی و دادپەروەری نێوان گروپ و کۆمەڵە و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای عێراقی بەرجەستە دەکەن و بناغەیەکی بنەڕەتی بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان تاک و دەوڵەت پێکدەهێنن.**

**3- هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و بنیاتنانی سیستەمێکی سیاسی کە لەسەر بنەمای لێهاتوویی و نوێنەرایەتییەکی دیموکراسی ڕاستەقینە دامەزرابێت و هاوکات پارێزگاری لە فرەیی و جۆراوجۆری کۆمەڵگا بکات.**

**4- هاندان و پاڵپشتیکردن و پەرەپێدانی بەرنامەکانی ئاشتەوای کۆمەڵایەتی و یەکگرتووی و یەکانگیری نێوان کۆمەڵە و پێکهاتەکانی عێراق، ئەمەش لەبەر ئەوەی بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی پێویستی بە یەکگرتوویی و ئاشتەوایی نێوان هەموو گروپ و کۆمەڵە و پێکهاتە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگایە.**

**5- دامەزراندن و بنیاتنانی دامەزراوەگەلێکی نیشتمانی لەپێناوداڕشتن و دروستکردنی شوناسێکی نیشتیمانی یەکگرتوو، بەشێوەیەك کەئینتما و لابەندی بۆ شوناسە لاوەکییەکان تێپەڕێنێت و شوناسێکی گشتگیر بۆ تاکەکەکانی کۆمەڵگا فەراهەم بکات.**


## لیستی سەرچاوەکان:

**سەرچاوە کوردییەکان:**

**یەکەم: فەرهەنگەکان:**

**- شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر: 2005**

**- گیوی موکریانی، کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر:1999**

**- هەژار موکریانی، هەنبانە بۆرینە، چاپی یەکەم، تاران: 1369**

**دووەم: نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:**

**- ڕێژنە أبوبکر قادر، میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتە فیدڕاڵییەکاندا: ناکۆییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵی عێراق وەك نموونە، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی: 2021**

**- هۆشەنگ دارا حمە أمین، دیموکراسی تەوافوقی و ئەگەری جێبەجێبوونی لە کوردستانی عێڕاقدا: لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی-ڕەخنەگرانەیە، ماستەرنامە، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر: 2008**

**- تارا عمر محمد، اشکالیات الانتقال الی الدیمقراطیة في العراق بعد 2003, اطروحة دکتورا, جامعة السلیمانیة: 2019**

**سێیەم توێژینەوەی زانستی:**

**- یاسین ئاشور جەوهەر، قوڵبوونەوەی شووناسە لۆکاڵیەکان و کاریگەریان لەسەر بونیادنانەوەی عێڕاقی نوێ لەدوای ساڵی 2003، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، زانکۆی گەرمیان، کەلار، ژمارەی تایبەت: 2019**

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**یەکەم: فەرهەنگەکان:**

**- المعجم الوسیط, الطبعة الرابعة, مکتبة الشروق الدولیة: القاهرة: 2004**

**ابن منظور, لسان العرب, المجلد الخامس, دار المعارف, القاهرة,**

**دووەم: کتێب:**

**- الیکس میکشیللي, الهویة, ترجمة علي وطفة, الطبعة العربیة الاولی، دار الوسیم، دمشق: 1993**

**- أنتوني عدنز, علم الاجتماع, طبعة الأولی، المنظمة العربیة للترجمة, بیروت: 2005**

- ثامر كامل محمد الخزرجي, النظم السياسية الحديثة والسياسات العامة: دراسة معاصرة في استراتيجية السلطة, الطبعة الأولى، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع, عمان-الأردن: 2004
- ريتشارد هيجوت, نظرية التنمية السياسية, ترجمة: حمدي عبدالرحمن, ومحمد عبدالحميد, الطبعة الاولى, الاردن, المركز العلمي للدراسات السياسية: 2001
- صمويل ب.هنتنجتون, من نحن؟ المناظرة الكبرى حول أمريكا، ت: أحمد مختار الجمال، الطبعة الاولى، القاهرة: 2009
- علي البكالي, من وحي الضمير: مفاهيم في الانتماء والمواطنة, الطبعة الاولى، وزارة الاعلام والثقافة والسياحة في اليمن ومركز نشوان الحميري للدراسات والاعلام: اليمن: 2021
- علي طاهر الحمود, العراق من صدمة الهوية الى صحوة الهويات, مؤسسة مسارات للتنمية الثقافة والاعلامية, بغداد- بيروت: 2012
- علي أسعد وطفة, تحديات الهوية الوطنية والشعور بالانتماء الوطني لدى عينة من طلاب جامعة الكويت, طبعة1, مركز دراسات الخليج والجزيرة العربية, الكويت: 2013
- ماجدة حمود, اشكالية الأنا والاخر نماذج روائية عربية, الكويت :2013
- محمد عمارة, مخاطر العولمة على الهوية الثقافية, طبعة أولى، دار نهضة, مصر: 1999
- ارنت ليبهارت، الديمقراطية التوافقية في مجتمع متعدد, ترجمة: حسني زينه, الطبعة الأولى، معهد الدراسات الاستراتيجية، بغداد-بيروت: 2006، ص 48
- وضاح فاضل العنبكي/ أحمد عدنان الميالي, اشكاليات الهوية وبناء الدولة والمجتمع عند فالح عبدالجبار, مركز الرافدين للحوار، الطبعة الأولى، بيروت: 2021
نامەی ماستەر و دکتۆرا:
- جونا صبحي جميل, ظاهرة الأستقرار واللاأستقرار السياسي دراسة في الحالة العراقية بعد 2003, رسالة ماجستير, جامعة صلاح الدين, أربيل: 2013
- رندا طلال حسن, انعكاس أزمة المياه في الشرق الأوسط على الاستقرار السياسي والاقتصادي: دراسة حالة العراق, أطروحة دكتورا, جامعة النهرين: 2021
- كريمة بقدي, الفساد السياسي وأثره على الاستقرار السياسي في شمال افريقيا: دراسة حالة الجزائر, رسالة ماجستير, جامعة أبوبكر بلقايد-تلمسان: 2011-2012
- محمد دحام ددو الحلو, الأقليات في محافظة نينوى واشكالية الهوية الوطنية ما بعد عام 2003, رسالة ماجستير, جامعة الموصل: 2021
توێژینەوە و گۆڤار:
- أيوب محمد طيب, ماهية الهوية الوطنية وتحدياتها: تحديات الهوية الوطنية العراقية نموذجا, مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، جامعة كركوك, العدد21, المجلد6: 2017
- أحمد فاضل جاسم داود, العراق ما بعد الحرب واستراتيجية اعادة البناء دراسة تحليلية في الواقع والافاق المستقبلية, مجلة العلوم السياسية, جامعة بغداد, العدد56: 2018
- أباذر عباس غضبان, تسييس الانتماءات الطائفية وأثره في الاستقرار السياسي العراقي, جامعة البصرة, مركز دراسات البصرة والخليج العربي, مجلة الخليج العربي, المجلد47, العدد3-4: 2019
- اسامة عبد علي خلف, الديمقراطية التوافقية ودور النخب في مأسسة الانقسامات السياسية, مجلة الاستاذ, جامعة بغداد, العدد224, المجلد3: 2018
- بشرى عبدالباري احمد, تحليل العلاقة الدالية بين الاستقرار السياسي ونسبة الاقتصاد الخفي في عينة مختارة من دول العالم, مجلة تكريت للعلوم الادارية والاقتصادية, جامعة تكريت, المجلد 10, العدد 30: 2013

- رحاب عبدالحي محمد/ ابراهيم عبدالسلام أحمد, معويقات التنمية السياسية وأثرها على الاستقرار السياسي في السودان: دراسة حالة السودان في الفترة من 2007-2017, مجلة دفاتر السياسة والقانون, جامعة قاصدي مرباح-ورقلة, المجلد11, العدد1: 2019
- سداد مولود سبع، مشكلة الأمن والاستقرار السياسى فى العراق بعد العام 2003، مجلة دراسات دولية, جامعة بغداد, العدد62, المجلد1: 2015
- شيماء فاضل نصيف جاسم, الاستقرار السياسي في العراق دراسة مقارنة مع تجارب دول أخرى، جامعة الانبار, مجلة جامعة الانبار للعلوم القانونية والسياسية, العدد1, المجلد15: 2025
- علي حسين عايد, فاعلية الذات السياسية وعلاقتها بالهوية الوطنية لدي طلبة كلية العلوم السياسية, جامعة القادسية, مجلة القادسية للعلوم الانسانية, المجلد 18, العدد4 : 2015
- لطيف كامل كليوى و هدى عيدان جبار الربيعي, تحليل جغرافي لمحددات الاستقرار السياسي في العراق بعد عام 2003, مجلة اوروك للعلوم الانسانية, جامعة المثنى، المجلد 15, العدد3, ج2: 2022
- عويبر عيسى/ الشرعية السياسية, وأثرها على الاستقرار السياسي في دول المغرب العربي, مجلة الاستاذ الباحث للدراسات القانونية والسياسية, جامعة محمد بوضياف-المسيلة, المجلد 6, العدد2: 2022
- عبدالله بن عبدالرحمن البريدي, الهوية الوطنية السعودية- ثوابتها وافاقها الانسانية, مركز الملك عبدالعزيز للحوار الوطني: الرياض: 2023
- عبدالرحيم نويجع جابر الحربي, دور منهج التاريخ في تعزيز أبعاد الهوية الوطنية لدى طلاب التعليم الثانوي نظام المقررات بالمملكة العربية السعودية, مجلة البحث في التربية وعلم النفس, جامعة المنيا, مجلد37, عدد4: 2022
- عبد العظيم جبر حافظ, التغير السياسي والهوية الوطنية العراقية بحث في التوجهات الدستورية قبل وبعد2003, مجلة حمورابي للدراسات, العدد50, السنة الثالثة عشرة: 2024
- عدنان قادر عارف زنكنة, الهوية الوطنية في الدولة العراقية الموحدة: دراسة تحليلية-تاريخية في الدستور الملكي والدساتير العراقية المؤقتة, جامعة كركوك, , مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية, المجلد9, العدد2: 2014
- عبير سهام مهدي/ عمار حميد ياسين, اشكالية الهوية في العراق, رؤية في التحديات ومستقبل بناء هوية وطنية عراقية بعد عام 2003, الجامعة المستنصرية, المجلة السياسية والدولية, العدد28, المجلد29: 2015
- علي عباس خلف, الديمقراطية التوافقية: دراسة دستورية في دستور جمهورية العراق لسنة 2005, مجلة كلية المأمون, العدد 31: 2018
- كرار ابراهيم مهدى، بشير ناظر حميد, التنوع الثقافي وبناء الهوية الوطنية: رؤية سوسيولوجية, جامعة المستنصرية, مجلة اداب المستنصرية, المجلد49, العدد109: 2025
- مهدي علي وداعة, دور الثقافة السائدة في تحقيق الاستقرار السياسي, الجمعية العراقية للدراسات التربوية والنفسية, مجلة نسق, المجلد 38, العدد 5: 2023
- مطلق بن سعود المطيري, علاقة الجمهور السعودي بوسائل الاعلام ودورها في تشكيل مدركاتهم واتجاهاتهم نحو قضية الهوية الوطنية, المجلة الدولية للاتصال الاجتماعي, جامعة عبد الحميد بن باديس-مستغانم, المجلد11, العدد2: 2024
- مؤيد جبير محمود, الاعتدال في الخطاب السياسي وأثره في بناء الهوية الوطنية العراقية, جامعة النهرين, مجلة قضايا سياسية, العدد67: 2022
- محمد ذنون زينو الصائغ, أزمة الهوية الوطنية العراقية بين الانتماء والولاء والحقوق والواجبات, الجمعية العراقية العلمية للمخطوطات, مجلة اكليل للدراسات الانسانية, المجلد5, العدد1-ج3: 2024
- محبوبة الأقريدو عبدالكريم باسماعيل, تأثير المحاصصة الطائفية على بناء النظام الديمقراطي-حالة العراق بعد2003, مجلة العلوم القانونية والسياسة, جامعة الشهيد حمه لخضير-الوادي, المجلد12, العدد1: 2021

- نعيمة عزوق, الديمقراطية التوافقية كمقاربة لتحقيق الاستقرار السياسي والسلم الاجتماعي في الدول العربية: المجلة النقدية للقانون والعلوم السياسية, جامعة مولود معمري-تيزي وزو, المجلد 17, العدد2: 2022
- هبة مجيد حميد و نبيل نعمان اسماعيل واخرون, الهوية الوطنية من منظور الأقليات العراقية: دراسة سوسيولوجية ميدانية, جامعة بغداد, مجلة الاداب, ملحق العدد 128: 2019
- هارون أوروان, الاليات القانونية لتعزيز الهوية الوطنية في دول الخليج, مجلة الدراسات القانونية والسياسية, جامعة عمار ثليجي-الأغواط, المجلد5, العدد1: 2019
- هيفاء أحمد محمد, اشكالية الهوية الوطنية العراقية, جامعة بغداد, مركز الدراسات الدولية, مجلة دراسات دولية, العدد 53: 2012
- همسة قحطان خلف, تأثير صراع الهويات السياسية الفرعية في واقع التجربة السياسية الديمقراطية العراقية بعد عام 2003, مجلة حوليات اداب عين شمس, جامعة عين شمس, المجلد48: 2020
- يزن خلوق محمد ساجد/ اسراء علاء نوري, الاعلام الأمني وتحقيق الاستقرار السياسي في العراق بعد عام 2003, جامعة الموصل, مجلة دراسات اقليمية, المجلد16, العدد52, 2022

سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:

1- حمود الضويحي, تنمية الهوية الوطنية اعتزاز وانتماء, موقع جريدة الرياض, 2022, متاح في الرابط الاتي, تاريخ الزيارة (2025-1-28), https://www.alriyadh.com/1954391
2- محمد العايدي, تعدد الهويات في اطار الهوية الوطنية تكامل أم تصادم, موقع جريدة الغد:2025 , متاح في الرابط الاتي: تاريخ الزيارة (3-2-2025)
https://alghad.com/Section-70/تحليل-إخباري/تعدد-الهويات-في-إطار-الهوية-الوطنية-تكامل-أم-تصادم-1931085

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

توێژینەوەکان:

- Acintya Ratna Priwati\ Rasyid Bo Sanitioso, Exploring national identity and collective memory across cultures: comparison of Indonesia and France, Frontiers in political science journal, Frontiers Media, Volume6: 2024
- Ismaeel Dawood, Moats, Walls, and the Future of Iraqi National Identity, IAI Working papers, 16l28, Istituto Affari Internazionali, 2016
- Julian Aichholzwe, Sylvia Kritzinger, and other, National identity profiles and support for the European union, European union politics journal, Sage Publications, Volume22, issue2: 2021

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# (تأثير الهوية الوطنية على الاستقرار السياسي في العراق بعد عام 2003)



| |
|---|
| أحمد مجيد سليم |
| قسم النظم السياسي والسياسات العامة, كلية العلوم السياسية, جامعة صلاح الدين, أربيل- اقليم كردستان- العراق |
| ahmed.salim@su.edu.krd |
| أ. م. د. أمين فرج شريف |
| قسم النظم السياسية والسياسات العامة, كلية العلوم السياسية, جامعة صلاح الدين, أربيل- اقليم كردستان- العراق |
| amin.sharif@su.edu.krd |





## الملخص

تبدأ هذه الدراسة بتعريفمفاهيم الهوية، والهوية الوطنية، والاستقرار السياسي من الناحيتين اللغوية والاصطلاحية، ثم تتناول العلاقة بين الهوية الوطنية والاستقرار السياسي, وكذالك نظرية الديمقراطية التوافقية، وتسلط الدراسة الضوء على مسألة الهوية الوطنية في العراق بعد عام 2003، حيث دخل العراق منذ ذلك الحين مرحلة جديدة من العملية السياسية وشهد تغيرات كبيرة في الهوية الوطنية، إذ لعب كل من الدستور، والحكومة، والنظام السياسي دورا بارزا في إعادة تشكيل الهوية الوطنية, كما يعد الاستقرار السياسي في العراق بعد عام 2003 من القضايا الأخرى التي تتناولها هذه الدراسة، ومن جانب آخر، يناقش هذا البحث تداعيات أزمة الهوية على الاستقرار السياسي,واشكالية النظام التوافقيفي العراق بعد عام 2003.



كلمات المفتاحية: الهوية, الهوية الوطنية, الاستقرار السياسي, الهوية الوطنية العراقية, الاستقرار السياسي في العراق

# (The Impact of National Identity on Political Stability in Iraq after 2003)



| |
|---|
| **Ahmed Majid Salim** |
| **Department of Political systems and Public Policy, Collegue of Political Science, Salahaddin University, Erbil- Kurdistan Region-Iraq** |
| **ahmed.salim@su.edu.krd** |
| **Asst.Prof.Dr Amin Faraj Sharif** |
| **Department of Political systems and Public Policy, Collegue of Political Science, Salahaddin University, Erbil -Kurdistan Region-Iraq** |
| **amin.sharif@su.edu.krd** |





## ABSTRACT

**This study begins by defining the concepts of identity, national identity, and political stability from both linguistic and terminological perspectives. It then examines the relationship between national identity and political stability, as well as the theory of consociational democracy. The study also sheds light on the issue of national identity in Iraq after 2003, a period during which the country entered a new phase of the political process and witnessed significant changes in its national identity. The constitution, the**

**government, and the political system have all played a prominent role in reshaping this identity, Political stability in Iraq after 2003 is also another key issues addressed by this study, Furthermore, the research discusses the implications of the identity crisis on political stability, and the problematics of the consociational systemin Iraq after 2003.**

**Keywords: Identity, National Identity, Political Stability, Iraqi National Identit, Political Stability in Iraq**